# پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٥٢ - مانگی گەلاوێژی١٤٠٣- ئاگوست ٢٠٢٤


## سەروتار

### ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان، ڕۆڵی کۆمەڵە و ئەزموونەکانی

ساڵڕۆژی هێرشی ساڵی ١٣٥٨ی ڕژیم بۆ سەر کوردستان لە کاتێکدایە کە لە سەروبەندی ساڵیادی دەستپێکی شۆڕشی ژینادایین. شۆڕشێک کە چەخماخەکەی لە کوردستانەوە بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لێدرا. شۆڕشێک کە وەبیرهێنەرەوەی خۆڕاگرییەکی سەرفەرازانەیە کە ٤٤ ساڵ لەمەوبەر لە کوردستانی شۆڕشگێڕ دەستی پێکرد و شانازییەکی مێژوویی و دەستکەوتگەلێکی حاشا هەڵنەگری لەبەرامبەر بە یەکێک لە کۆنەپەرست ترین و سەرکوتگەرترین دەسەڵاتەکانی ئەم سەردەمەی بۆ خەڵکی کوردستان بەدیاری هێنا. بەڵام هێرش بۆسەر کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ ڕووداوێکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو نەبوو. لە ڕاستیدا ئەو هێرشە بەشێک بوو لە پرۆسەی سەرکوتکردنی شۆڕشی ئێران. ئەم سیاسەتە نەک لە ٢٨ی گەلاوێژەوە، بەڵکوو لە هەمان ڕۆژەکانی دوای بەدەسەلاتگەیشتنی ڕەوتی کۆنەپەرستی ئیسلامییەوە خرایە کارنامەی کاریانەوە. لە کۆتاییەکانی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ و سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨، لە شارەکانی مەهاباد و سنە، بە فەرمانی فەرماندەی پادگانەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، خەڵک ئاگرباران کران. لە شاری مەهاباد ٢٠ کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆ کوژران و لە شاری سنەش نزیکەی ٢٠٠ کەس بەهۆی تۆپبارانەوە گیانیان لەدەستدا

جگە لەوەش هەر لەو قۆناغەدا ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو توانی بەشێک لە کۆنەپەرستانی خۆجێیی لەگەڵ خۆیدا هاوڕا بکات. چەکدارکردنی فیئۆداڵ و عەشیرەتەکان و ڕێکخستنیان لە ڕێکخراوێکی کۆنەپەرستانەدا بە ناوی "شۆڕای عەشایری کوردستان" و بەهێزکردنی ڕەوتی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتی ئەحمەدی موفتیزادە لە سنە، لە زومرەی ئەو ڕێوشوێنانە بوون. لە ٣١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ لە شاری نەغەدە شەڕی نێوان دانیشتووانی تورک و کوردیان وەڕێخست و پاسدارەکانی ژێر فەرمانی مەلا حەسنی

درێژە لە لاپەڕەی ٢




## ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی هێرشی ڕژیم بۆ سەر کوردستان، ڕۆڵی کۆمەڵە و ئەزموونەکانی




### پەرەسەندنی خەباتی پەرستارانی ناڕازی و خۆگێلکردنی تەواوەتی، دەوڵەتی پزیشکیان

ل ٩



### بزووتنەوەی دادخوازی لەسەر بەستێنی شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی"

ل ٧



### یادێک لە ڕووداوی مێژویی مانگرتنی گشتیی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤، بەرەوپیری ساڵهاتی شۆڕشی ژینا

ل ١٠



### دیفاع لە پەنابەرانی ئەفغانستانی، پێویستییەکی چینایەتی و ئینسانییە

ل ٩

## درێژەی سەروتار

کۆنەپەرستیان بەمەبەستی کوشتن و تاڵانکردنی موڵک و ماڵی خەڵک ڕەوانەی ئەو شارە کرد جگە لەوەش پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ تەقەیان لە خەڵکی شاری مەریوان کرد و بەهۆیەوە ٢٤ کەس گیانیان لەدەستدا و ٤٠ کەسیش بریندار بوون. لە شاری سنەش، لە ئەنجامی تەقەی پاسدارانی جێگیر لەو شارە، چەندین کەس گیانیان لەدەستدا.
کاردانەوەی کۆمەڵە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بەرامبەر بەم هەڵسوکەوتانە، لێبڕاوانە و شۆڕشگێڕانە و جەماوەریی بوو. خەڵکی کوردستان ڕیفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوە بۆ دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێرانیان بایکۆت کرد. ڕووداوەکانی وەک مانگرتنی یەک مانگە لە شاری سنە بۆ وەدەرنانی پاسداران لەو شارە، کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان بۆ هەمان مەبەست، ڕێپێوانێکی شکۆدار لە سنە و شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بەرەو مەریوان و چەندین چالاکیی دیکەی لەم چەشنە هەر لەو سەردەمەدا ڕوویاندا. کۆمەڵە کە لەشکرکێشی بەربڵاوی ڕژیمی بە ئەگەرێکی حەتمی دەزانی، هەوڵی دەدا خەڵکی کوردستان بۆ خۆڕاگریی و بەرخۆدانێکی درێژخایەن و چارەنووسسازتر ئامادە بکات
ڕەوتی ئیسلامی کە بۆ ماوەی چەند سەد ساڵ وەک دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا هەڵسوکەوتی دەکرد، لەو قۆناغەدا هەم لە سەرچاوەی دەوڵەمەندی دارایی، هەم لە شەبەکەی مزگەوت و مەلاکان لە سەرتاسەری وڵات، کە وەک ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی خاوەن ڕێبەرییەکی یەکدەست چالاکییان دەکرد، لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی شا، خۆی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی ئێران ئامادە کرد
لەو ڕووەوە کە ئەرتەش بێلایەنی خۆی ڕاگەیاندبوو، ئەم ڕەوتە دەستی بەسەر هەموو دامودەزگا و ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی شادا گرت و ئەوانەشی کە لە ئەنجامی شۆڕشدا تێکشکابوون، بە خێرایی نوێکردەوە. نە لیبراڵەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا کە خۆیان لە ڕێکخراوەکانی سەر بە "بەرەی نیشتمانی"دا ڕێکخستبوو، توانییان متمانەی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسی نفووزی یەکێتی سۆڤیەت بەدەست بهێنن و نە هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانیش بەهۆکاری جۆراوجۆر دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە هێز و پۆتانسێلە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان ڕێکبخەن. تەنیا لە کوردستان بوو کە ئەم پرۆسەیە بەپێی پلانی ڕەوتی ئیسلامی نەچووە پێشەوە و کوردستان چارەنووسێکی جیاوازی پەیدا کرد
پێش لە هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ بۆسەر کوردستان، خوێندکاران لە زانکۆکان سەرکوت کران. بزووتنەوەی تورکەمەن سەحرا غەڵتانی خوێن کرا. نارەزایەتییەکانی خوزستان زۆر زوو خامۆش کرا و کرێکارانی بەندەر ئەنزەلی و ئیسفەهان کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە. بەڵام کۆماری ئیسلامی پێویستی بە ئامادەکارییەکی زیاتر بوو بۆ ئەوەی بتوانێت کوردستان سەرکوت بکات. بۆیە پلانی هێرش بۆسەر کوردستان بە بەراورد لەگەڵ هێرشکردنەسەر دەستکەوتەکانی بەشەکانی تری خەڵکی ئێران، تا ڕادەیەک دواکەوت
هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ لە کاتێکدا دەستپێکرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەستی بەوە دەکرد توانایی پێویستی بۆ سەرکوتکردنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بەدەستهێناوە. هێزەکانی ڕژیم لە دوو مێحوەری ورمێ و کامیارانەوە هێرشەکەیان دەستپێکرد. لە هەردوو مێحوەرەکەدا لەگەڵ بەرگریی قارەمانانەی هێزەکانی پێشمەرگە بەرەوڕوو بوونەوە. لەم قۆناغەدا ڕژیم توانی بەپشتبەستن بە باڵادەستی هێزی ئاسمانی و تۆپخانە، کوردستان داگیر بکات. لەو کاتەدا کۆمەڵە بەیاننامەیەکی لەژێر ناونیشانی "خەڵکی کورد لەبەردەم تاقیکردنەوە"دا بڵاوکردەوە و تیایدا خەڵکی کوردستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگریکردنێکی هەمە لایەنە بانگهێشت کرد. لە وەڵامی ئەو بانگەوازەدا، بڵێسەکانی خەبات و بەرخۆدان لە هەموو ناوچەکانی کوردستانەوە سەریهەڵدا



زۆری نەخایاند کە هێرشە غافلگیرانە و بەربڵاوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەک و نارەزایەتی هەر ڕۆژە و بەردەوامی جەماوەری خەڵک لەسەر شەقامەکان لە لایەکی ترەوە، دوای سێ مانگ، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی خەڵک گۆڕی و ڕژیمی ناچار بە پاشەکشە و قبوڵی ئاگربەست و هاتنەسەر مێزی دانوستان کرد. گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ناو شارەکان و پێشوازی گەرم و گوڕ و شکۆداری خەڵک لەو هێزانە و هەروەها گەشەسەندنی چالاکییە سیاسییەکان و شکڵگرتنی شوڕا و ڕێکخراو و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیاندا، بە کردەوە شکستی هێرشی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی ڕژیمی ڕاگەیاند و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی گەیاندە قۆناغێکی دیکە لە خەبات و بەرخۆدان. خەڵک و بەتایبەت لاوان داهێنەرانەترین شێوازەکانی ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتییان بەکارهێنا و لە زۆربەی شوێن و ناوچەکانی کوردستان کۆمەڵگایان بە شێوەیەکی تەندروست و دێموکراتیک بەڕێوەبرد و ئاسایشی گەڕەکەکانیان بە بەشدارکردنی جەماوەر مسۆگەر کرد. بەرنامەی دابەشکردنی خۆراک و کەرەستە پێویستەکانی خەڵکیان ڕێکخست. خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستییەکانیان دەستپێکردەوە. قوتابخانە و فەرمانگەکان بە کراوەیی هێڵرانەوە و بە کێشە و گرفتەکانی خەڵک ڕاگەیشتن و ئەخلاق و ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە و مرۆڤدۆستانە ڕەواجی پێدرا. هەر لەو دەورەیەدا هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێکهێنرا و ئەم ناوەندە لە ئارایشێکی نیمچە بەرەییدا ئیدارەی کاروباری کوردستانی گرتە ئەستۆ
لە ماوەی کەمتر لە ٦ مانگدا کە کۆماری ئیسلامی سەرقاڵی ئامادەکاری بوو بۆ دەستپێکردنی هێرشێکی دیکە، کۆمەڵە سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و ئاڵەنگارییانەی کە لە ناوخۆی کوردستاندا پێک دەهاتن، لە هەوڵی ئامادەکردنی بیروڕای گشتیدا بوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێرشی سەرلەنوێ و چاوەڕوانکراوی ڕژیم بۆسەر کوردستان. ڕژیمی ئیسلامی خۆی لە دانوستاندنێکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەدزییەوە و بە مانۆڕگەلێکی فریوکارانە دەرفەتی بۆ خۆی دەکڕی. سەرەنجام کاتێک ئامادەکارییەکانی خۆی تەواو کرد، دیسانەوە لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٩دا و ئەمجارەیان لە مێحوەری کامیاران_ سنەوە، هێرشی خۆی بۆسەر کوردستان دەستپێکردەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەیتوانی هیچ سەنگەرێک بەبێ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ خۆڕاگریی و بەرخۆدانێکی قارەمانانە داگیر بکات، خۆڕاگریی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

درێژە ی لاپەڕەی ٢

و بەرخۆدانێکی کە ساڵانێکە هەروا بەردەوامە و ڕژیمی لە کوردستان زەمینگیر کردووە. هەرچەندە ڕژیم دواجار توانی باڵادەستی نیزامیی بەدەست بهێنێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانی خەڵکی کوردستان ناچار بە تەسلیم بوون و ملکەچکردن بکات. لە هەمان کاتدا کە خۆڕاگریی دژ بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەربڵاو و سەرتاسەری بوو، بەڵام هاوسەنگی هێزی ناوخۆ بۆ پێشخستنی بەرنامەی کۆمەڵە بەمەبەستی دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی جەماوەریی لە کوردستان، لە هەموو شوێنێک وەک یەک نەبوو. سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لێرە و لەوێ بوونی هەبوو، هەروەها سەرەڕای سنووردار بوونە زەمەنییەکەی، خەڵکی کوردستان بۆ یەکەمجار دەسەڵاتداریێتی لەخوارەوە، واتە دەسەڵاتداریێتی شۆڕایی و ئازادی بێ شەرت و مەرجی سیاسییان ئەزموون کرد. پاشماوەکانی سیستەمی فیئۆدالییان لەناوبرد و زەوی بوو بە موڵکی ئەو کەسەی کە کاری لەسەر دەکرد. ژنان لە ئاستێکی بەرفراواندا هاتنە ناو گۆڕپانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان. گەرای پەروەردە و بارهێنانێکی پێشکەوتوو شکڵی گرت. بۆ یەکەمین جار خەڵک چیتر خۆیان لە ژێر باری ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەییدا هەست پێنەدەکرد. ئەو خۆڕاگرییەی کە دواتر لەدژی هێرشی ڕژیم هاتەئاراوە، لە ڕاستیدا بەرگریکردن بوو لەو دەستکەوتانە

بنەڕەتی ترین کەم و کووڕی، بریتی بوو لە نەبوونی ئەزموون و نەبوونی دەرفەت بۆ ئامادەکردنی کادر و ستافێکی بەتوانا بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەو خەڵکەی کە دەیان ساڵ دەسەڵاتی ستەم و چەوساندنەوەی پاشایەتییان تێپەڕ کردبوو، هەروەها ڕێکخراوێکی کە لە دڵی کۆمەڵگایەکی پڕ لە خەفەقاندا سەری هەڵدابوو، بەم نەهێشتنی کەم و کوڕییەکانی خۆیان پێویستیان بە کات بوو. هەڕەشەی هێرشی کۆماری ئیسلامی و دروستبوونی فەزای شەڕ لە کوردستان، بە ناچاری خەباتی چەکداریی لەچاو هەموو جۆرەکانی دیکەی خەبات و خۆڕاگریی کرد بە ئەولەویەتی سەرەکی و دەرفەتێکی گونجاو بۆ چەسپاندن و پەرەپێدانی ئەو دەستکەوتانە نەڕەخسا

گرنگترین و چارەنووسسازترین ئەزموون ئەوەیە کە نابێت لە ڕێکخستنی دەستبەجێی شۆڕاکانی شوێنی کار و ژیان غافڵ بین و کات بە فیڕۆ بدەین. پێویستە خەڵک لەگەڵ هەڵکردنی یەکەم شنەبای ئازادیدا، دەسەڵاتی خۆیان لەخوارەوە دابمەزرێنن. لەم پێوەندییەدا لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی شۆڕای گەڕەکەکان لە شاری سنە (بنکەکان) زۆر گرنگە. ئەمە خاڵی سەرەکییە. پێویستە پلانی پێشوەختە هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی خێرا بە پێداویستییە ئابوورییە بەپەلەکانی خەڵک و بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتە ئابوورییەکان نەخشە ڕێگای گونجاو هەبێت، دەبێ بیر لە پووچەڵکردنەوەی پیلانی دابەشکاری و دوبەرەکی دروستکردنە نەتەوەیی و ئایینییەکان بکرێتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و بەرپرسیارانە هەوڵی نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی بدرێت و بۆ ئەو مەبەستە نەخشەڕێگای دیاریکراو هەبێت. دەبێ بەپێی نەخشەڕێگایەکی کرداریی، خەڵک لەوە دڵنیا بکرێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان نابێتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی گروپە چەکدارەکان، ڕادیکالیزم لەم بوارانەدا مانا پەیدا دەکات. بە دیتنی ڕۆڵی حیزبێکی توندڕەو، کە بێگومان غەیرە کرێکاریش دەبێت، ناتوانرێت ئەم کۆمەڵگایە لە ڕێڕەوە سەخت و پڕ لە کۆسپ و ئاڵەنگارییەکان تێپەڕێنرێت. سەرجەمی ئەم پرس و ئەزموونانە لە مێژووی ٤٤ ساڵەی کۆمەڵە و کۆمەڵگای کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حەرەکەتگەلێک لەباری کۆمەڵایەتی و خەباتی پێشکەوتنخوازانە لە کوردستاندا ڕوویانداوە کە دەریدەخەن بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە قووڵایی کۆمەڵگادا خەریکە پەرەدەسێنێت. شۆڕشی شکۆداری ژینا نموونەی زیندووی بەردەوامبوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. خۆپیشاندانە بەربڵاوەکانی سەرشەقام، مانگرتنە سیاسییەکان و ئەو داهێنانە جەماوەری و مەدەنییانەی کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا دژ بە کۆماری ئیسلامی شاهیدیان بووین، نموونەگەلێکی درەوشاوەن لە زیندوویەتی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی. بەڵام شۆڕشی ژیناش ڕووداوێکی بێ کۆنتێکست و برووسکەیەک نەبوو لە ئاسمانی بێ هەوردا. سەیری مانگرتنی گشتی چەند شارێکی کوردستان بکەن بۆ پشتیوانی لە کۆڵبەران، هەروەها هاودەنگی کەم وێنەی خەڵک لە کاتی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان، ئەو کارنەڤاڵە گەورەیەی کە بۆ ڕێزلێنان لە شۆفێرێکی قارەمان کە لە کاتی گەیاندنی هاوکاریدا گیانی بەختکرد، پشتیوانی بەربڵاوی جەماوەریی لە بزووتنەوەی حەقخوازانەی ڕۆژاوا بێننە بەرچاو، سەیری پاڵپشتی لە خەڵکی کوردستانی عێراق بکەن بەرامبەر بە ستەم و ملهوڕییەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق، سەیری بزووتنەوە جەماوەرییەکان بۆ بەرگریکردن لە ژینگە، خۆڕێکخستنە درەوشاوە جەماوەرییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پەتای کڕۆنا، بەرخۆدانی ژنان لە بەرامبەر سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ و ڕێژەی بەرچاوی ئەو هەڵسووڕاوە کرێکاریانەی کە لە ئاستێکی سەرتاسەریدا خاوەن کاریگەری و ئیعتیبارن. سەرجەمی ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیتوو لە کوردستان سوننەتەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان دەپارێزن و بەرەو پێشەوەی دەبەن. لە وەها بارودۆخێکدا پێویستە بە هەموو تواناوە هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کە خاوەنی هەگبەیەکی پڕ لە ئەزموونی بەنرخە، لەگەڵ ئەو بزووتنەوە سەرتاسەرییەی کە لەپێناو نان و ئازادیدا کەوتۆتەڕێ لێک هەڵپێکرێن. نابێ مەیدان بدرێت بە هێزە کۆنسرواتیڤ و ناسیۆنالیست و ڕوانگە گۆشەگیرخوازەکان، ئەو بۆچوونە پەرە پێبدەن کە گۆیا حەرەکەتە مافخوازانە و سەرتاسەرییەکان پێوەندییان بە خەڵکی کوردستانەوە نییە. دەبێ هەوڵ بدرێت سەرجەم توانایە بەردەستەکان و توانایە نوستوو و ناچالاکەکان وەگەڕ بخرێن. شۆڕشی ژینا تا ئەم ساتە ڕێگای نیشانداوە. پێویستە لە ئەزموون و کەموکوڕییەکانی تا ئێستای ئەم شۆڕشە وانە وەربگیرێت و بە کەمترین زەرەر و زیان زۆرترین دەستکەوت بەدەست بێت و هەنگاو بە هەنگاو ڕێگای سەرکەوتن خۆش بکرێت




****

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە٤٥٢- مانگی گەلاوێژی ١٤٠٣- ئاگوستی ٢٠٢٤

# ڕوخانی ڕژیم چارەسەری گشت کێشە بنەڕەتییەکانە

ئاژانسی هەواڵی دەوڵەتی ئیلنا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی کەمیی و پچڕانی کارەبا لەسەر بەشێک لە کەسب و کار و خاوەنکار و کرێکاران بڵاو کردووەتەوە. ئەم ڕاپۆرتە بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی پزیشکیان و هاوکارەکانی و بە شێوەیەکی سەرەکی لە هاوسۆزی لەگەڵ خاوەن سەرمایە و خاوەنکارە بچووکەکان ئامادە کراوە. بەڵام تیشک خراوەتەسەر کاریگەرییەکانی ئەم دۆخە لەسەر داهاتی کرێکارانیش. ئیلنا لە بەشی سەرەتای ڕاپۆرتەکەدا نووسیویەتی کە نەبوونی کارەبا و بێتوانایی دەوڵەت لە دابینکردنی وزە، هۆکاری سەرەکی پچڕانی زۆری کارەبایە. بەگوێرەی ئەم ئاژانسە هەواڵییە، پچڕانی کارەبا وەک شەپۆلێکی بێ ڕاوەستان هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، هەر لە ماڵی خەڵک و ئیدارەکانەوە بگرە تا کارگە و ناوەندە ئابوورییەکانی سەرانسەری وڵات. لە ڕۆژە گەرمەکانی هاوینی ئەمساڵدا، کارەبا ناوبەناو لە شارە پیشەسازییەکان دەبڕا و هێڵەکانی بەرهەمهێنان بە تەواوی لەکار کەوتن. لە زۆرێک لە ناوەندە پیشەسازییە سەرەکییەکان، لەوانە کارگەکانی فوولاد و توانەوە، ڕێژەی بەرهەمهێنان لەم هاوینەدا بۆ یەک لەسەر سێ کەمبۆوە و لانیکەم لەهەر شەو و ڕۆژێکدا دوو شیفتی کارکردن، مەرەخەسی ناچارییان پێ دەدرا. بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە، ئەنجومەنی بەرهەمهێنەرانی فوولاد لە نامەیەکدا بۆ وەزارەتی وزە، وێڕای ڕەخنەگرتن لە جێبەجێنەکردنی ڕێککە و تننا مە کا نی نێوانیان، ڕایگەیاند کە لە ڕۆژی ٢٠ی گەلاوێژەوە، بەهۆی کێشە و کەمبونی لەڕادەبەدەری کارەباوە، بەرهەمهێنانی فوولادی وڵات تەقریبەن ڕاگیراوە. بێگومان نووسەری نامەکە کێشەی کرێکاران نابینێت، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێت خاوەنکارەکان نەیانتوانیوە لە کاتی خۆیدا حەقدەستەکان بدەن. سەرۆکی کۆمیسیۆنی وزە لە ژووری بازرگانیش ڕایگەیاندووە کە "زیانانەکانی سەرچاوەگرتوو لە پچڕانی کارەبا لە پیشەسازییەکاندا زیاترە لە پێنج هەزار ملیارد تمەن لە ڕۆژێکدا"

ڕاپۆرتەکەی ئیلنا بە ئاماژە بەو کرێکارانەی کە بە وتەی ئەو، کەمترین بایەخیان هەیە بۆ بڕیاردەران و بەرپرسانی دەست ڕۆیشتوو، دەنووسێت کە ئەوانیش لەو بارودۆخەی کە لەم هاوینە گەرمەی ئەمساڵدا دروست بووە، زیانیان پێدەگات. محەممەد، کرێکارێکی کە لە یەکێک لە کارگەکانی دەوروبەری تاران کاردەکات، سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت، "کاتێک کارەبا لە نیوەی ڕۆژدا و لەسەرەتای شیفتی کارەکەمان دەبڕێت، بەزۆر دەماننێرنەوە بۆ مەرەخەسی و لە سەعات کەرەکانمان کەمدەکەنەوە! ناوبراو کەمکردنەوەی حەقدەست و یارانەکان بە یەکێکی تر لە نەهامەتییەکانی نەبوونی کارەبا و بێتوانایی حکوومەت لە دابینکردنی کارەبا دەزانێت. محەممەد لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "هەموو ئومێدێکی ئێمە کرێکارانی پیشەسازیی، بە پاداشت و ڕەوتی بەرهەمهێنانە کە لە کۆتایی مانگدا کەمێک حەقدەستەکانمانی بەرز دەکردەوە، بەڵام ئەم دوو مانگە، بۆ ئاستی سفر دابەزیوە. زیاتر لە نیوەی شیفتەکانی کارکردنمان بەهۆی پچڕانی کارەباوە داخراوە و کاتێکیش کە بەرهەممان نەبێت، خەبەرێکیش لە پاداشت نییە. ئەم کرێکارە دەڵێ: دوو سێ مانگە تەنانەت بە ئەندازەی کرێی خانووەکەمان دەست ناکەوێت، ئێمە چ گوناهێکمان کردووە کە دەبێت تاوانی بێ مشووری و کەمتەرخەمییەکان بدەینەوە. ئەوان ناتوانن کارەبای وڵاتەکە دابین بکەن، بۆ دەبێ ئێمە بەدەست بێ پووڵییەوە بناڵێنین؟! لە ڕاپۆرتەکەدا وێڕای ئاماژە بە زیانی کرێکارانی بەشی بیناسازی بەهۆی نەبوونی کارەبا و بێ پلانییەوە، هاتووە: دابەزینی بێ وێنەی داهاتی کرێکاران لەم هاوینەدا، تەنها کرێکارانی بەشی پیشەسازی لەخۆ ناگرێت، بەڵکوو کرێکارانی بیناسازیش گروپێکی گەورەی دیکەن کە مانگانە بەهۆی پچڕانی کارەباوە ملیۆنان تمەن زیانیان پێدەگات و گیرفانی بەتاڵیان هەرچی زیاتر بەتاڵ و بێ پووڵتر دەبێت

حەسەن عیززەتی، بەرپرسی ئەنجومەنی پیشەیی کرێکارانی بیناسازی بانە، ڕەخنە لە بێ پووڵی لەڕادەبەدەری کرێکاران لەم هاوینە گەرم و تاقەت پرووکێنەدا دەگرێت و



باس لە دابەزینی بڕی ٣٠٪ داهاتی کرێکارانی بیناسازی بە هۆی پچڕانی کارەباوە دەکات و بە ئیلنا دەڵێت، ئەم ڕۆژانە پچڕانی کارەبا لە سەرانسەری وڵاتدا چالاکی کارگەکانی بەرهەمهێنان و ناوەندە خزمەتگوزارییەکانی لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو کردووەتەوە. پیشەسازی بیناسازی وەک پیشەسازییەک کە بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە کەمترین گرنگی بە هێزی مرۆیی چالاک لەم بەشەدا نادرێت، کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەی ئێستا و بە پێی خەملاندنی ئەنجومەنی پیشەیی کرێکارانی بیناسازی شاری بانە، کرێکاران و وەستاکارانی ئەم کەرتە بەهۆی پچڕانی کارەباوە، داهاتەکەیان ٢٥ بۆ ٣٠٪ کەمی کردووە و ئەمەش بە واتای کەمبوونەوەی بەرچاوی بیناسازییە بەهۆی نەبوونی کارەباوە. عیززەتی دەڵێت: بێتوانایی دەوڵەت لە دابینکردنی کارەبا، چینی کرێکاری لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو کردووەتەوە. کاتێک کارەبا دەکوژێتەوە، هەموان زیانیان پێدەگات، بەڵام ئەوانەی پووڵ لە گیرفانیدایە و دەست و باڵیان زۆر بەتاڵ نییە، نەبوونی کارەبا کێشەیەکی ئەوتۆیان بۆ دروست ناکات. کرێکارێکی کە هەموو ئومێدێکی بە کاری ڕۆژانەیە و لەو ڕێگایەوە ژیانێکی مەمرە و مەژی بۆخۆی و بنەماڵەکەی دابین دەکات، لە بێتواناییەکانی دەوڵەت زۆرترین زیان دەبینێت. بەڕاستی بۆچی لە سەردەمی دەوڵەتی نۆیەم و دەیەمدا، ئەوکاتەی کە پووڵی نەوتیان بە لێشاو دەست دەکەوت، بیریان لە هاوینی گەرم نەکردەوە و وزەخانەی خۆریان دروست نەکرد، بۆچی تەنافی پەرتوکاوی ئابووری و بژێوی ژیانیان، بەستەوە بە ستوونی داڕماوی کارەباوە بۆ ئەوەی "خەڵک" دیسانەوە تاوانی کەمتەرخەمی و نابەرپرسیارێتی و دزران و بەتاڵان چوونی سەرمایەی میللی بدەن؟. هەڵبەت ئەو پەیامنێرە لێدوانی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی سەبارەت بە نەبوونی کارەبا، تەنیا لە بێ مشووری و کەمتەرخەمی بەرپرساندا سنووردار دەکات. گومان لەوەدا نییە کە نەزانی، لاوازی و بێتوانایی بەڕێوەبەران و گەندەڵییەکانی ئەوان، کاریگەری لەسەر کەمبوونی کارەبا هەیە، بەڵام گرفتی سەرەکی لە پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەدایە. ئەم حکوومەتە حکوومەتی سەرکوتە نەک بەرهەمهێنان، هەربۆیە پێویستە بەرهەمهێنەرە سەرەکییەکان، بیر لە گۆڕینی ئەم نیزامە و هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی جەماوەریی بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە هێزی کاری لاو و لێهاتوو و هەروەها نێعمەتە سروشتییەکان، لەپێناو خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی سەرجەم هاووڵاتییانی ئێراندا کەڵک وەربگرن

****

# لاوان هیوای دواڕۆژی کۆمەڵگای ئێران
# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی لاوان

ڕۆژی دوشەممە ١٢ی مانگی ئوت ڕێکەوتی ٢٢ی مانگی گەلاوێژ ڕۆژی جیهانی لاوانە. ڕۆژی ١٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٩، کۆبونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانی لاوان ڕاگەیاند. ئەگەرچی وەها بۆنەیەک تا ئێستا گرێیەکی لە کێشە و گرفتەکانی لاوان بە تایبەت لە وڵاتانی دواکەوتووی سەرمایەداری نەکردۆتەوە، بەڵام لانیکەم دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە کێشەکانی لاوان لە وڵاتێکی وەک ئێران. ئەمڕۆ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا، بێکاری لە سەروی گشت کێشەکانی دیکەوەیە کە لاوانی دەرچووی زانکۆکان لەگەڵی دەستەویەخەن. لە ڕاستیدا بێکاری لاوان سەرچاوەی هەموو ئەو کێشانەیە کە لاوان و بە تایبەت لاوانی خوێندەواری سەر بە چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا لەگەڵی بەرەوڕوون کۆمەڵگای ئێران بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆرترین هەژماری لاوی هەیە و هەر بەم ڕێژەیەش زۆرترین خەساری کۆمەڵایەتی نەسیبی ئەم بەشە لە کۆمەڵگای ئێران دەبێت. سەرەکی ترین گرفتی لاوانی ئێران بێکارییە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بێکاری لە ئێران بوونی لەشکری بەرینی بێکارانی خوێندەواری زانکۆیی و دواناوەندییە. لاوانی لە نێوان تەمەنی ١٥ تا ٣٠ ساڵیدا یەک لەسەر سێی دانیشتووان و ڕەقەمێکی نزیک بە ٣٢ ملیۆن کەس لەخۆ دەگرێت. بەپێی ئامارە بڵاو کراوەکان لە لایەن ڕژیمەوە ئێستا زیاتر لە ١٣ ملیۆن لە دانیشتووانی ئێران مەدرەکی خوێندنی زانکۆیان هەیە. بێکاری لاوانی خوێندەوار لە ئێران گەیشتۆتە ٥٠ لەسەد. ئەگەر تا دوێنێ بنەماڵەکان پێیان وابوو کە منداڵەکانیان دەنێرنە زانکۆ تا لە داهاتودا دەستیان لە کارێکی باش گیربێت، ئەمڕۆکە دەبینن کە نە تەنیا ئەم ئامانجەیان دەستەبەر نەبووە بەڵکوو خوێندنی زانکۆشیان بۆتە کێشە و گرفت بۆ دۆزینەوەی کار بەڵام بێکاری و پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و لەوانە گیرۆدە بوون بە مادەی هۆشبەر بە تەواوی بە یەکەوە پەیوەستن. ئەو لاوانەی کە بە هەزار هیوا و ئاواتەوە دوای تێپەڕاندنی دەیان گرفت و کۆسپ کە ڕژیم و یان هەژاری زۆری مادی خستوویەتە سەر ڕێیان، سەرەنجام توانیویانە مەدرەکی خوێندنی دواناوەندی، هونەرستان و یان زانکۆ بە دەست بێنن، دوو ساڵی تەمەنیشیان لە دەورەی سەربازیی بۆ ڕژیم تێپەڕ بکەن، دیسانیش هیوایەکیان بە دۆزینەوەی کارێکی گونجاو لەگەڵ مەدرەکەکەیان نییە و وا هەست دەکەن کە هەموو ئاوات و ئارەزووەکانیان بە فیڕۆ چووە. حاڵ و ڕۆژی ئەو لاوانەی هەر بەم هۆکارەی بێکاری و نەبوونی سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ، خۆیان بە سەرباری بنەماڵە دەبینن و تەنانەت توانایی دابینکردنی خەرج و مخاریجی زەماوەند و پێکهێنانی بنەماڵەشیان نییە، دەبێ چۆن بێت؟ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لاوان نە لە شادی و نیشات و شوور و شەوقی سەردەمی لاوێتی بەهرەمەندن و نە ئەو دەرفەتەیان دەبێت تا توانایی و لێهاتوویەکانیان گەشە پێبدەن. لە ئاوا بارودۆخێکدایە کە دەبینین، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە گیرۆدە بووان بە مادەی هۆشبەر لەژێر تەمەنی ١٨ ساڵیدان و تەمەنی مامناوەندی ئیعتیاد لە ئێران دابەزیوە بۆ خوار تەمەنی ١٣ ساڵی. ڕێژەی تێکچوونی ڕەوانی، دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، لەنێو لاواندا بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە بەڵام وێنای ژیانی لاوان لە ئێران بەبێ جەخت کردنەوە لەسەر ڕاستییەکی هیوا بەخش، کامڵ نابێت. ڕژیمی ئیسلامی پرۆژەی جۆراوجۆری بۆ زاڵبوون بەسەر جەستە و ڕۆحی لاواندا بە کردەوە دەرهێنا، بەڵام گشت ئەو پرۆژانە لە بەرانبەر شەپۆلی حەرەکەتی ڕوو بە پێشی کۆمەڵگا بوونە بڵقی سەرئاو. لە ڕاستیدا هەموو سەرمایە گوزارییەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو لەم بوارەدا بە فیڕۆ چوون. لەم ڕووەوە ئەم ڕژیمە بەردەوام خەریکی ئامادەکاری تۆڵە سەندنەوە لەو لاوانە بووە کە لە دەورانی مەدرەسە و دواناوەندیدا نەیتوانیوە ئەوان




بە پێی ئۆلگوی خۆی، مل کەچ و بێ ئیرادە بار بێنێ. لاوانی ئێران ئەگەر بێکارن و ئەگەر لە سەرەتایی ترین دەرفەتەکان بۆ بەهرەمەند بوون لە ئیمکاناتی سروشتی قۆناغی لاوی بێبەشن، بەڵام لە بەرانبەردا، تەسلیمی بارودۆخی هەبوو نەبوون و ڕێگای خەباتیان لە دژی ئەم ڕژیمە گرتۆتەبەر. ئەم ڕاستییە کاتێک ئاشکرا دەبێت کە ئەم لاوانە تا دەرفەتێکیان دەست دەکەوێ بنەماکانی کۆماری ئیسلامی دەخەنە لەرزین لێرەدا دەبێ لەسەر ئەم ڕاستییەش جەخت بکرێتەوە کە هەرچەند لاوانی ئێران بە هۆی حاکمییەتی ڕژمێکی کۆنەپەرست و دژی ئازادی، خاوەنی کێشە و گیروگرفتی هاوبەشن، بەڵام بەهۆی وابەستەگی چینایەتی جیاواز، ڕەنج و ئازارەکانیان وەک یەک و یەکسان نییە. ئاشکرایە کە گرفتی لاوانی سەر بە چینی کرێکار لەگەڵ ئەو لاوانەی کە چەتری پشتیوانی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندیان لەسەرە جیاوازە، بەڵام پەرەسەندنی خەباتی چینی کرێکار بە ژن و پیاو و گەورەساڵان و لاویەوە و هەروەها ڕزگاربوونی ئەم چینە لە چنگ ڕژیمی ئیسلامی و لەو نیزامە چەوسێنەرەی ئێستایە کە ڕزگاربوونی لاوانیشی لەو بارودۆخە نامرۆڤانەی کە ئەم ڕژیمە بە سەریدا سەپاندوون، بەشوێنەوە دەبێت ئەو لاوانەی کە تواناییەکانیان لە لایەن ڕژیمێکی کۆنەپەرستەوە کوێر بووەتەوە، ئەو لاوانەی کە باشترین ساڵەکانی تەمەنیان لە مەدرەسە و کۆلێژ و زانکۆدا لەژێر گوشاری ئاموزشی دژە زانستی و کۆنەپەرستانەدا تێپەڕێوە، ئەو لاوانەی کە تەنانەت ئازادی پۆشینیان لێ زەوت کراوە، ئەو لاوانەی کە لەبەر خاتری بچووکترین نارەزایەتی دەخرێنە زیندان و ئەشکەنجە دەکرێن و لاوێکی کە لە مافی سەرەتایی هەڵسوکەت لەگەڵ ڕەگەزی جیاوازی لێ زەوت کراوە، گشت ئەم لاوانە لەگەڵ لاوانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا خاوەنی دەرد و ئازارێکی هاوبەشن و ڕزگاربوونیان لەم دۆخە نا ئینسانییە لە ڕێگای هاوپشتی لەگەڵ خەباتی چینی کرێکارەوە مسۆگەر دەبێت ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە لاوانی ئێران بەرانبەر بەم بارودۆخە، سەریان دانەنەواندووە و تەسلیم نەبوون. ئەم خۆڕاگریی و بەرخۆدانەی لاوەکانمان لە شۆڕشی ژینادا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی گەیشتە لووتکە. ئەو بزووتنەوەیە بە هەموانی نیشاندا کە چ پۆتانسێلێکی لەبن نەهاتووی کۆمەڵایەتی بۆ ئاڵوگۆڕی مێژوویی، لە ناخی لاوانی ئێران دا شاراوەیە. شۆڕشی ژینا نیشانیدا کە لاوانی ئێران هەرکات دەرفەتێک بە دەست بێنن چلۆن تەخت و بەختی ڕژیمی ئیسلامی دەخەنە لەرزین

**** کۆنەپەرستترین و دژە خەڵکیترین کەسەکان، لە لوتکەی وەزارەتە سەرەکییەکانی کابینەی پزیشکیدان کۆنەپەرستترین

پێشــــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

# کۆنەپەرستترین و دژە خەڵکیترین کەسەکان، لە لوتکەی وەزارەتە سەرەکییەکانی کابینەی پزیشکیدان




پێکهاتەی ئەندامانی کابینەی دەوڵەتی مەسعوود پزیشکیان، تەنانەت بۆتە هۆی نارەزایەتی هاوکارە نزیکەکانیشی. ماوەی سێ هەفتەی تەواو نزیکەی ٤٥٠ کەس لە "کارناسان"ی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بە یارمەتی ئەوان، پێکهاتەیەکی جیاوازتر بۆ دانانی هاوکارەکانی لە کابینە و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردنی خۆی دیاری بکات. بەڵام دوای بەسەربردنی کات و وزەیەکی زۆر، ئاکامەکەی هیچ شتێک نەبوو جگە لە بەجێهێنانی ڕەزامەندی بەیتی خامنەیی و ناوەندی بەرتەسکی دەسەڵات. ئێستا ئەو کەسانەی کە پایەی سەرەکی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ناوبراو بوون، یەک لە دوای یەک، پەشیمانی خۆیان دەردەبڕن. بۆ نموونە "محەممەد جەواد زەریف" شەوی بەر لە ڕادەستکردنی لیستی وەزیرەکان بە پەرلەمان، دەستی لە پۆستی جێگری ستراتیژی سەرۆک کۆمار کێشایەوە و نووسی کە لە کۆریدۆرەکانی دەسەڵاتدا هیچ بوارێک بۆ خۆ دەرخستنی ئەو نەمابوو. "موحسین ڕۆنانی" ڕۆژنامەنووس و یەکێک لە نزیکترین کەسەکان بە پزیشکیان بوو، کە وەک ڕاوێژکارێک چالاکانە لە دیاریکردنی ناوی وەزیر و جێگرەکانیاندا بەشدار بوو، کاتێک دەرئەنجامەکەی بە پێچەوانەی ئەوە بینی کە تەنانەت بە ڕاوێژ لەگەڵ خۆی کرابوو، لە کۆتاییدا بەوپەڕی بێ هیواییەوە لەم بابەتەوە نووسی: "جەنابی پزیشکیان ئابڕووی ئێمەتان برد و بێ هیواتان کردین! تەنانەت بەر لەوەی ببیتە سەرۆک، ڕەت بوویتەوە!" و وێڕای ئاماژە بە ئەمیر کەبیر و موسەددق و میرحوسێن موسەوی، دەڵێت: خۆزگە دەتزانی کە لە ئێران سەرۆک وەزیرانی ئاخیرەت بەخێر تەنها کەسێکە کە یان لە حەمامدا دەمارەکانی بکەنەوە، یان بە تەبعید کردنی بۆ گوند، عەزابی مەرگی پێبدەن، یان لە زینداندا تۆزی مەرگی بەسەردا بپرژێنن. ئەڵبەتە ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسێکی وەک دوکتۆر موحسین ڕۆنانی بە دەستێوە دەناڵێنێت، بۆ ئەو ٨٠٪ی خەڵکەی ئێران کە ئەو بەناو هەڵبژاردنەیان بایکۆت کرد، هەر لە پێشترەوە ڕوون بوو. لانیکەم لە ساڵی ١٣٩٦ بەملاوە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران هیچ ئومێدێکیان بە چاکسازی لەم ڕێژیمە لە ڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە نەمابوو، ئەوانەی کە لەم ڕاستییە سادەیە تێنەگەیشتوون، دۆڕاوی مێژوون ئەو پزیشکیانەی کە بە مەبەستی ڕاکێشانی بەشێک لە خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان باسی لە پێویستی گەڕاندنەوەی کەرامەت بۆ ژنانی ئێران دەکرد، بکوژانی زیاتر لە ٦٠٠ کەس و بریندارکردن و کەمئەندام کردنی هەزاران لاو و تازەلاوی کچ و کوڕ، زیندانیکردن و ئازار و ئەشکەنجەی دەیان هەزار ئینسانی لە ماوەی کەمتر لە چوار مانگ لە سەردەمی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"، لە پۆستەکانیاندا هێشتووەتەوە. سەرەڕای ئەمەش، هێشتا کەسانێکی بەناو ڕۆشنبیری ماستاوچی هەن کە ئومێدی ئەوە بە خەڵک دەبەخشن کە ڕەنگە " نەهج البەلاغە خوێندنەوەی پزیشکیان" و فوو کردنی بە سەروچاوی ئەو جینایەتپیشانەدا، موعجیزە دەکات و دەڵێن: پێشوەختە قەزاوەت مەکەن و ئەم کابینەیە لە ڕووی ئەدا و کارکردنیەوە هەڵبسەنگێنن، چاوەڕوان بن و بزانین چی ڕوودەدات. چاوخشاندنێک بە ناوی ئەو وەزیرانەی کە لەلایەن پزیشکیانەوە پێشنیارکراون بۆ پەرلەمان، دەریدەخات کە ناوبراو کەمترین سەربەخۆیی دەنگی هەبووە و لە ڕاستیدا سەرەڕای ئیدیعاکانی یەک مانگی ڕابردووی، لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی وەزیرەکانی کابینەکەیدا، تەنیا وەک کاتب و جێبەجێکاری فەرمانی بەیتی ڕێبەریی ڕۆڵی گێڕاوە. بەپێی ئەو لیستەی کە ئاراستەی پەرلەمان کراوە، نزیکەی یەک لەسەر چواری وەزیرە پێشنیار کراوەکانی پزیشکیان، لە دەوڵەتی ڕەئیسی دا حزووریان بووە و گرنگترین وەزارەتەکانیش دراوە بە بناژۆخوازەکان. لە ڕاستیدا ٩ کەس لە ئەندامی سەرەکی ئەو کابینەیە لەلایەن بەیتی خامنەییەوە هەڵبژێردراون. واتە چارەسەرکردنی سیاسەتی دەرەوە و باشترکردنی دارمانی ئابووری و پرسە ئەمنی، سیاسی و فەرهەنگییەکان بەگشتی، سپێردراوە بە کۆنەپەرستترین بەشی دەسەڵات. دەوڵەتی پزیشکیان لەم بابەتەوە تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتی ڕوحانیش لاوازتر دەرکەوتووە. ڕیفۆرمخوازان کە هەموو سەرمایەکانیان لە پێناو گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردندا خەرج کرد، ئێستا ئیتر بەدەستی بەتاڵ و دەستەو ئەژنۆ ماونەتەوە. د ە ستلە کا ر کێشا نە و ە ی محەممەد جەواد زەریف لە ڕۆژی ڕادەستکردنی لیستی وەزیرەکان بە پەرلەمان و داوای لێبوردن لە خەڵک، بەیانگەری ئەو بێهیواییەی ڕیفۆرمخوازان و بەشێک لەو ڕۆشنبیرانەیە کە لە خولی دووهەمی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنەکاندا، هانی خەڵکیان دا بچنەسەر سندوقەکانی دەنگدان، بەو هیوایەی کە گوایە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە "کرانەوە" و سیاسەتێکی نوێ قبوڵکراوە. بەڵام پێکهاتەی کابینەی پزیشکیان بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە ناوەندی بەرتەسکی دەسەڵات، نەک هەر بەنیاز نییە هیچ گرنگییەک بە نارەزایەتییەکانی خەڵک بدات، بەڵکوو پێداگری دەکات لەسەر سیاسەتی سەرکوت و لەو بڕوایەدایە کە تەنانەت هەنگاوێک پاشەکشەکردن، دەتوانێت ئاکامی جیددی و مەترسیداری لێبکەوێتەوە. چاوەڕوان دەکرێت کە پزیشکیان لەگەڵ چارەنوسێکی تاڵ بەرەوڕوو ببێتەوە، چونکە لە لایەکەوە لەلایەن بەیتی ڕێبەرییەوە وەک ئامرازێک بەکارهێنراوە کە بەهای بەکاربردنی کاتیی هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی بەیتی ڕێبەرییەوە گرێداوە و خۆی وتەنی، "لە ناویدا تواوەتەوە"، لەمڕووەوە لە ئاگری ڕق و توڕەیی جەماوەر، پارێزراو نابێت

****

لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا
@Komalamedia
@Komala

ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
Tvkomala.com

ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام
Payaam.net

ماڵپەڕە حیزبیەکان
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

# بزووتنەوەی دادخوازی لەسەر بەستێنی شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی"

مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانان وەبیر هێنەرەوەی یەکێک لەو جەنایەتە مەترسیدارانەیە کە لە دەورانی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا، بەڕێوەچوون. ٣٦ ساڵ لەوەپێش لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ ڕژیمی ئیسلامی دەستیدایە جەنایەتێک کە ئاسەوارەکەی و بەڵگەکانی نیشانەی بێ ڕەحمی و دڕندەخویی بێ سنووری کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامییە. خومەینی و ڕاوێژکارەکانی کە نیگەرانی پەرە ئەستاندنی نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی ئێران دوای شکستی ڕژیم لە شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراقدا بوون، بە ئامانجی ترساندنی خەڵکی وەگیان هاتوو لە شەڕ و فەلاکەتی ئابووری، بۆ کوشتنی زیندانیەکان پلانیان دانا. پرۆژەی کۆمەڵ کوژی و کوشتنی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێراندا لە ڕۆژی هەینی ٢٨ ی مانگی پوشپەڕی ١٣٦٧ تەنیا ڕۆژێک دوای خواردنەوەی جامی ژەهری قەبوڵ کردنی ئاتەش بەس لەو شەڕە کۆنەپەرستانەدا، لەسەر بنەمای فەرمانی خومەینی ڕێبەری ڕژیمی ئیسلامی دەستی پێکرد خومەینی بە دروستکردنی کۆمیتەیەک پێکهاتو لە نەییری قازی شەرع، ئیشراقی دادستان، ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێستا و جێگری ئەوکاتی دادستان کە دواتر بە هەیئەتی مەرگ ناویان دەرکرد، فەتوای مەزهەبی کوشتنی زیندانیانی سیاسییان دەرکرد. لە ناوەرۆکی ئەم فەتوایەدا کە بە خەتی خومەینی نوسراوە هاتوە " ڕەحم کردن بە محاربین گەوجانەیە، لێبراویی ئیسلام لە بەرانبەر دوژمنانی خوا دا لە بنەما گومان هەڵنەگرەکانی نیزامی ئیسلامییە، هیوادارم بە قین و تووڕەیی شۆڕشگێرانەی خۆتان بەرانبەر بە دوژمنانی ئیسلام ڕەزامەندی خاوەند دەستەبەر بکەن، ئەو ئاغایانەی کە تەشخیسی بابەتەکەیان لە ئەستۆیە گومان و دوو دڵی بە خۆیان ڕێنەدەن و هەوڵبدەن( بە توندی لەگەڵ کافران)دا بجوڵێنەوە. دوو دڵ بوون لە بابەتی قەزاییدا لەبەرچاو نەگرتنی خوێنی پاکی شەهیدەکانە و بەس"

بە خێرایی بەشوێن دەرچوونی ئەم فەرمانەدا، پێوەندی زیندانە سەرەکیەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تەواوی پچڕا. لە ماوەی نزیک بە دوو مانگدا جەنایەتێک خوڵقا کە لە شێوەی خۆیدا بێ وێنە بوو. کۆمەڵگای ئێرانی تا ساڵانێک نوقمی خەم و پەژارەیەکی قوڵ کرد. وەزارەتخانەکانی دادگوستەری و ئیتلاعات و ئیدارەی زیندانە سەرەکیەکانی ڕاگرتنی زیندانیانی سیاسی، واتە ئێڤین و گەوهەردەشتی کەرەج کرانە بەرپرسی بەڕێوەبردنی پرۆژەی کوشتاری زیندانیانی سیاس. لە ماوەیەکی زەمەنی کەمتر لە ٢ مانگدا دەزگای کوشتار و جەنایەتی ڕژیمی ئیسلامی بە هەزاران زیندانی سیاسی بە گرایشی جۆراو جۆرەوە ئێعدام کرد

زیندانیانی ئێعدام کراو لە ئێڤین و گەوهەردەشتیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا لە خاوەران شاردەوە، بەڵام ئەم پرۆژەیە هاوکات لە باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران و لەوانە لە کوردستانیش جێبەجێ کرا. لە ڕاستیدا لەمڕۆدا نەک لە یەک گوڵزاری خاوەران، بەڵکوو دەبێ باس لە گوڵزارە خاوەرانەکان لە سەرتاسەری ئێراندا بکرێت

کۆماری ئیسلامی تەنیا دوای ٤ مانگ و لە مانگی ڕەزبەری ١٣٦٧ بنەماڵەی قوربانیانی لە کارەساتی ئێعدام کردنیان ئاگادار کردەوە و دوای ئەوە بوو کە خەڵکی ئێران زانیان چ جەنایەتێکی دژی ئینسانی لە زیندانەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا ڕووی داوە

سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی تا بە ئەمڕۆش تەنانەت بەر بە ئامادە بوونی کەسوکار و دایکانی داخدار دەگرن بچنە سەر گڵکۆی ئازیزانیان

یەکێک لە تایبەت مەندیەکانی کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ ئەوەیە کە پەروەندەی سەرجەم قوربانیەکانی ئەم کارەساتە گەورەیە بە هەمان یاسا دژی بەشەریەکانی ڕژیمی ئیسلامیش کۆتاییان هاتبوو خەریکی تێپەڕ کردنی حوکمەکانیان بوون. زۆربەیان تەنانەت دەورانی زیندانی خۆیان تەواو کردبوو وە چاوەڕوانی ئازادی بوون

لەمڕۆدا کە بە هیممەتی تێکۆشەرانی سیاسی و ڕزگار بووان لە قەتڵگاکانی ئێڤین، ڕەجایی شار، عادڵاوا، دیزل ئاوا و زیندانی سنە و شوێنەکانی تر، ئاست و لایەنەکانی ئەم جەنایەتە دژی بەشەرییە ڕۆشن تر بۆتەوە، هەموو ساڵێک لە مانگەکانی گەلاوێژ و خرمانانەدا دەیان مەراسمی ڕێز گرتن و دەیان کەمپەینی بڵاو کردنەوەی بیرەوەری و بەڵگە و مەدرەکی ئەم جەنایەتە وەحشەتناکەی ڕژیمی ئیسلامی لە وڵاتانی جۆراو جۆری دنیادا بەڕێوەدەچێت. جەماوەری خەڵکی ئێران تاوانبارانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەم جەنایەتە لەبیر ناکەن و ناشیان بەخشن. حوزووری ئەم جەنایەتکارە پیشەییانە لە دەسەڵاتی ئەم حکومەتەدا نیشانی ئەدات کە ئەگەر خەڵک دەرفەتیان پێبدات بە هەمان ڕێگادا دەڕۆن کە خومەینی لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ دا و بە بەلوتکە گەیاندنی لە ساڵی ٦٧ دا پیشانیداون

لەمڕۆدا بزوتنەوەی دادخوازی لەسەر بەستێنی شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی"، لە حاڵی پەرە ئەستاندن دایە. دایکانی گیانبەخت کردوان لە ڕیزی یەکەمی ئەم بزوتنەوەیەدان. یەکەم چەخماخەکانی ئەم بزوتنەوەیە دایکانی گیانبەخت کردوانی کوشتاری ٦٧ لەژێر ناوی" دایکانی خاوەران" لیباندا و چوونە شەڕی سەرانی جەنایەتکاری ڕژیم. ئێستا لە پاڵ ڕێکخراوی" دایکانی خاوەران"، ڕێکخراوەکانی" دایکانی پارکی لالە"،" دایکانی دادخواز"، " دایکانی ئاشتی"، " کۆمەڵەی دایکانی پێشڕەو" و" دایکانی شۆڕش" دژبە کۆماری ئیسلامی و ئۆرگانە سەرکوتگەرەکانی دەستیانداوەتە دادخوازی. کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی جەنایەتکاری کە سەبەبکاری کوشتاری بەکۆمەڵی بە هەزاران کەس لە نەیارانی سیاسی خۆیانن، زۆریان هەوڵداوە تا جەنایەتەکانی دەیەی ٦٠ ڕەد بکەنەوە و هەموو بەڵگە و ئاسەوارەکانیشی لەنێو ببەن. بەڵام جەنایەتە بەرینەکانیان لە کوردستان، قەتڵی حکومەتی بەرین لە بەلوچستان، خوزستان، تورکەمەن سەحرا، تیرۆرەکانی دەرەوەی سنوور و ئێعدامە بەرینەکان لە زیندانەکاندا، بە گشتی بەڵگەمەند کراون و ئیتر شیاوی حاشا لێکردن و شاردنەوە نین

سەرئەنجام ئەو ڕۆژە دێت کە سەرانی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دادگای عەدلی خەڵکی ئازار چەشتوی ئێراندا بکێشرێنە بەردەم میزی محاکەمە، ڕازە سەر بە مۆرەکانی ئەو جەنایە بێ ئەژمارەی لە ماوەی حاکمیەتیاندا ئەنجامیان داوە زیاتر ئاشکرا بێت و سزای شیاوی خۆیان وەربگرن. بیرەوەری گیانبەخت کردوانی کوشتاری بەکۆمەڵی ساڵی ٦٧ و باقی گیانبەخت کردوانی ڕێگای ڕزگاری بەشەریەت بۆ هەتا هەتایە زیندو و پیرۆزە

****

# بەرزبوونەوەی نرخی نان، سەرەتای بەرزبوونەوەی هەرچی زیاتری نرخی کاڵا سەرەکییەکانی دیکەی خەڵک

ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژ و لە دوایین ڕۆژەکانی گۆڕانکاری لە کابینەی ١٤، میدیا حکوومییەکان بڵاویانکردەوە کە نرخی نان لە دە پارێزگای وڵات بە ڕێژەی ٢٥ لەسەد بەرزبووەتەوە. پێشبینی دەکرێت کە بەرزبوونەوەی نرخی نان وردە وردە پارێزگاکانی دیکەش بگرێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردووش، بەرزبوونەوەی نرخی نان لە ئاستی ٢٥ لەسەد دا ناوەستێت، بەڵکوو وردە وردە ئەم کاڵا گرنگ و سەرەکییەی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران، گرانتریش دەبێت. هاوکات لەگەڵ ڕاپۆرتی بەرزبوونەوەی نرخی نان، زەمینە بۆ گرانبوونی هەرچی زیاتری کاڵاکانی دیکەش خۆش دەبێت. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران ساڵانە ١٦ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار تۆن گەنم بەکاردەهێنێت. هەروەها ئامارەکانی حکوومەتی ئێرانیش دەریدەخەن کە بڕی ١٠ میلیۆن تۆن لەو ژمارەیە دەگەیەنرێتە نانەواخانە تەقلیدییەکان و ئەوەی دیکەی بە نرخی ئازاد بە کەرتەکانی دیکەی بەکاربەر، لەوانە نانی فانتێزی، ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی ماکارۆنی و هتد، دەفرۆشرێت. هەوڵی ڕێژیم ئەوەیە کە وردە وردە یارانەی نان کەم بکاتەوە و سەرەنجام بە تەواوی نەیهێڵێت. ڕۆژنامەی ئیعتماد لەو بارەوە دەنووسێت: "لە نانەواخانە تەقلیدییەکاندا ٨٠ لەسەدی نرخی کۆتایی نان، لە ڕێگەی یارانەکانی حکوومەتەوە دابین دەکرێت و ٢٠ لەسەدی نرخی ڕاستەقینەی نان دەکەوێتە سەرشانی خەڵک". بە واتایەکی تر ئەگەر نرخی نان ببێتە ڕاستەقینە؛ یەک نانی سەنگەکی کە ئێستا نرخەکەی ٣ هەزار تمەنە، دەبێ بە ١٥ هەزار تمەن بفرۆشرێت

واقیعییەت ئەوەیە لە هەلومەرجێکدا کە نان یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی دابینکردنی کالۆری بۆ چینە کەمداهاتەکانی ئێران، ئەگەر نرخەکەی ببێتە ڕاستەقینە، گوشارەکەی دەکەوێتە سەرشانی ئەو جەماوەرەی کە لە ژێر هێڵی هەژاریدان و لابردنی یارانەیەکی لەو شێوەیە، بە وتەی ڕۆژنامەی ئیعتماد، لێکەوتەی کۆمەڵایەتی جددی دەبێت. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، خەڵک بە زێدەڕۆیی و بەفیڕۆدان لە بەکارهێنانی نان تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن بۆ ئەوەی کەمتر بەکار بهێنرێت، پێویستە نرخەکەی بەرز بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی نەریتی نان هەمیشە لە سفرەی خەڵکی ئێران و خۆراکی ئەواندا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەژارییە لەڕادەبەدەری کە بەسەر زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێراندا سەپێنراوە. بۆ نموونە بە پێی ڕاپرسییەکی ڕادیۆ دەنگی ئاڵمان، ژمارەی دانیشتووانی ئێران و ئاڵمان لە یەک ئاستدایە، بەڵام ڕێژەی بەکارهێنانی نانی خەڵکی ئێران دوو هێندە و نیوی هاووڵاتیانی ئاڵمانە، بەڵام لە بەرامبەردا خواردنی گۆشت و شیرەمەنی ئاڵمانییەکان ١٣ هێندەی ئێرانییەکانە. وە ئەڵبەتە هەموان لەگەڵ دەرئەنجامەکانی خواردنی بڕێکی کەم لە پرۆتین بەتایبەت لەسەر تەندروستی منداڵانیش ئاشنان. کارناسێکی ئابووری، کە بەرزبوونەوەی نرخی نان لە وێنایەکی ئابووری گەورەتردا دەبینێت، باس لە ئەگەری سەرهەڵدانی ئاخێزێکی گەورەی جەماوەری دەکات بە قەبارەیەکی گەلێک بەرینتر لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا. زاغەری، مامۆستای ئابووری زانکۆی ئەلزەهرا، ڕۆژی شەممە ٢٠ی پووشپەڕ، دوای دیدار لەگەڵ پزیشکان، بەشداری گفتوگۆیەک بوو لەگەڵ ڕووداوی ٢٤. لەو چاوپێکەوتنەدا لە ناوبراویان پرسی بۆچی دژی تەک نرخی بوونی دراوی؟ لە وەڵامدا وتی: ئەم کارە نەک هەر بە زیانی چین و توێژە بێبەشەکانە، بەڵکوو لە بارودۆخی ئێستادا بە هیچ شێوەیەک مومکین نییە. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی لە دابینکردنی دراوی پێویست لە بازاڕدا. ئاکامەکەشی تەنها بە زیانی چینی مامناوەند و خوارەوەی کۆمەڵگایە و توانایی کڕینیان کەم دەکاتەوە. لە ڕاستیدا جۆرێکە لە دزیکردنی حکوومەت لە سفرەی خەڵک و کورتهێنانی بودجەی دەوڵەتی لەم ڕێگایەوە پێ قەرەبوو دەکرێتەوە.

ئەگەر نرخی دراو بەرزبێتەوە، خەڵک دەڕژێنە سەر شەقامەکان. ئیتر وەک جارانیش نییە و زۆر لەوە خراپتر دەبێت کە دەسەڵات بیری لێدەکاتەوە. زاغەری بە خستنەڕووی نموونە گەلێکی دیاریکراو، ئاماژە بەو کەس و بنەماڵانە دەکات کە لە ڕێگەی بەهرەمەند بوون لە ڕانت و تاڵانکردنی خەڵکەوە، سامانێکی زۆریان دەستکەوتووە و ئابووری ئێرانیان تووشی گەندەڵییەکی قووڵ کردووە. بە بڕوای ناوبراو، ئەوانەن کە دەبنە هۆی هەڵاوسان و گرانترکردنی کاڵاکان. ئەو پێی وایە کە لەم کابینەیەی ئێستاش ئاوێک بۆ خەڵک گەرم نابێت، چونکە هەمان گەندەڵکار و پەرەپێدەرانەی گەندەڵین کە لە دەوری پزیشکیان کۆبوونەتەوە. بێگومان زاغەری ئاماژە بە کۆمەڵێک بابەتی ڕاست و گرنگ دەکات، بەڵام ئەو تێناگات کە هۆکارەکانی شکستی حەتمی کابینەی ١٤، هاوشێوەی کابینەکانی تر، دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامی و نەک تەنها گەندەڵی و تاڵان و بڕۆ و ڕانتخۆری. حکومەتێکی ئایینی خاوەن بیری سەردەمی بەر لە فیۆدالی، نەیتوانیوە و ناتوانێت ئابووریی سەرمایەداریی وڵاتێکی وەک ئێران بەڕێوە ببات. درێژەدان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و پەرەسەندنی و سەرەنجام ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا ڕێگایە بۆ ڕزگاربوون لەو نەهامەتییەی کە ڕێژیمی ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەیدا سەپاندووە

****

# شەکاوەتر بێت ئاڵای خەباتی داواکاریی تەوەری پەرستارانی ئێران

## ڕاگەیاندنی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر)



کۆمەڵە ڕێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

کۆمەڵگەی پەرستاری و کادری دەرمانی وڵات کە ژیان و وزەی خۆیان لەپێناو ڕزگارکردنی گیانی نەخۆشەکاندا دەبەخشن، ئێستا وەگیان هاتوون. پەرستاران بەهۆی حەقدەستی کەم و ئیزافەکاری زۆرەملێ و بێگاری ئاسا و هەروەها بەهۆی گوشاری کاری تاقەت پروکێنی سەرچاوەگرتوو لە کەمبوونی کادری دەرمان و تەندروستی، ئێستا ئیتر کارد بە ئێسکیان گەیشتووە. ڕێژەی پەرستاران بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی تەختی نەخۆشخانەکان یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی هێزی مرۆیی پەرستاریی، لە جیهاندا. مامناوەندی ئەم ڕێژەیە لە جیهاندا نزیکەی ٢.٥ پەرستارە بۆ هەر تەختێکی نەخۆشخانە و لە وڵاتێکی وەک ئینگلیس چوار پەرستارە، بەڵام ڕێژەی پەرستار لە ئێران بۆ هەر تەختێک چوار لە دەیە، کە تەنانەت کەمترە لە نیوەی مامناوەندی ڕێژەی جیهانی. گوشاری کار لەسەر پەرستاران ئەوەندە زۆرە کە بەپێی ئامارەکان، لە ئێستادا تەنیا نزیکەی ٢٤٠ هەزار پەرستار لە سەرتاسەری وڵات کاردەکەن، بەڵام بۆ گەیشتن بە ئاستی ستانداردی جیهانی، لەنێوان ژمارەی پەرستاران و نەخۆشەکاندا، دەبێت ئەم ڕێژەیە سێ هێندە زیاد بکرێت. ئەم کەمی هێزی کارە لە نەخۆشخانەکان لەکاتێکدایە کە بە هۆی گوشاری لەڕادەبەدەری کار و کەمی حەقدەست و یارمەتییەکانی پەرستاران، شاهیدی کۆچکردنی بەربڵاو و خۆکوشتن و وازهێنان لە پیشەی پەرستارییین. بە پێی ئامارە فەرمییەکان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا سێ هەزار پەرستار کۆچیان کردووە. کۆچکردنی مانگانە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ پەرستار و هەروەها دەستلەکارکێشانەوەی ٢٠ پەرستاری نەخۆشخانەی تاڵەقانی لە شاری چالووس، دەستلەکارکێشانەوەی ٤٠ پەرستار و ئەندامانی کادری پەرستاری نەخۆشخانەی شوهەدای تەجریش لە تاران، دەستلەکارکێشانەوەی ٣٠ پەرستار لە نەخۆشخانەی تاڵەقانی ئابادان و خۆکوشتنی پەرستاران لە شارەکانی تاران، سنە و کرماشان، واتا ڕێژەی ئەو هەوڵە خۆکوشتنانەی کە لە کۆمەڵگەی پزیشکی ئێران بە مەرگی کەسەکان کۆتایی هاتووە، دەگاتە ١٢ بۆ ١٦ کەس لەساڵدا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حەقدەستێکی لەڕادەبەدەر کەم و گوشاری تاقەت پروکێنی کار. جێگای ئاماژەیە کە حەقدەستی مانگانەی پەرستارێکی ئێرانی ١٢ بۆ ١٥ ملیۆن تمەنە کە دەکاتە نزیکەی ٢٠٠ دۆلار کە بەراورد بە وڵاتانی دیکە، هیچ نییە. لە ئاڵمان پەرستارێک هەر کە دەست بە کارکردن دەکات، دوو هەزار دۆلار حەقدەست وەردەگرێت، حەقدەستی هەر پەرستارێک لە ئورووپا چوار هەزار دۆلارە و لە ئەمریکا و کانەداش دەگاتە پێنج هەزار دۆلار. ئەم ڕەقەمانە بەیانگەری بۆشاییەکی قووڵە لە نێوان بەهای کار و حەقدەستی پەرستاران لە ئێران، کە بۆتە هۆی نارەزایەتی گشتیی لە کۆمەڵگەی پەرستاریدا

هۆکاری شکڵگرتنی نارەزایەتی پەرستاران تەنیا بریتی نییە لە گوشاری لەڕادەبەدەری کار و کەمی حەقدەستەکان، بەڵکوو بوونی هەڵاواردن و جیاوازی زۆر لە نێوان مافی پزیشک و پەرستارەکان و هەروەها سیستەمی پزیشک سەنتەری و بەکاڵاکردنی بێهداشت و دەرمانیش، یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کە تووڕەیی و نارەزایەتی زۆری پەرستارانی وڵاتی لێکەوتۆتەوە. لەسەر بنەمای ئەم سیستەمە تاڵانچییە، گوشارێکی زۆریش دەکەوێتە سەر نەخۆشەکان، کە بەهۆیەوە زۆرجار تووڕەیی و تێکچوونی باری دەروونی هەندێک لە نەخۆشەکان بەرۆکی پەرستارانی زەحمەتکێش دەگرێتەوە و تەنانەت لەگەڵ مەرگ یان برینداربوونی سەخت بەرەوڕوو دەبنەوە. جێگای ئاماژەیە کە لەم سیستەمە قازانج پەرست و بەکاڵایی کراوەدا، سەردەمی کۆرۆنا، پەرستاران تەنانەت لە گیانی خۆیان گوزەران و ژمارەیەکی زۆریان گیانیان لەدەستدا، بەڵام بارودۆخیان هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە. دەسەڵاتی ئیسلامی لەبری جێبەجێکردنی بڕگەی بیست و نۆی یاسا بنەڕەتییەکەی خۆی، ڕێگای بەکاڵاکردنی تەندروستی گرتۆتەبەر. لە بڕگەی بیست و نۆی یاسای بنەڕەتی دا هاتووە: "بەهرەمەندبوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەڕووی خانەنشینی، بێکاری، بەساڵاچوون، لەکارکەوتوویی، بێسەرپەرشتی، ڕووداو و پێشهاتەکان، پێویستی بە خزمەتگوزاری بێهداشتی و دەرمانی و چاودێری پزیشکی لە شێوەی بیمە و هتد، مافێکی گشتییە. بەپێی یاساکان، دەوڵەت دەبێ لە داهاتە گشتییەکان و ئەو داهاتانەی کە لەڕێگەی بەشداریکردنی خەڵکەوە بەدەست هاتوون، ئەو خزمەتگوزاری و پاڵپشتییە داراییانەی سەرەوە بۆ هەر تاکێکی وڵات دابین بکات. ئاشکرایە کە دەسەڵاتی ئیسلامی هەر لە سەرەتای شۆڕشی ڕێبەندانی پەنجا و حەوتەوە لەگەڵ بڕگەکانی پێوەندیدار بە پەروەردە و بێهداشتی بەخۆڕایی، دەستەبەری کۆمەڵایەتی و دواتریش یاسای کار، کە لەژێر گوشاری داخوازییە جەماوەرییەکاندا بەسەریاندا سەپێندرابوو، دژایەتی کردووە و بەردەوام هەوڵی داوە ئەو بڕگانەدا بێکاریگەر بکات

ئێستا ئیتر کۆمەڵگەی پەرستاری و کادری دەرمانی وڵات ڕێگەیەکی ڕوونیان بۆ گەیشتن بە ویست و داواکارییەکانیان دۆزیوەتەوە. بزووتنەوەی داواکاریی تەوەری پەرستاران، وێڕای گەڵاڵەکردنی ویست و داواکارییەکانی خۆیان لە پازدە خاڵدا، لە نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەرەوە تا ئێستا، لە زیاتر لە پەنجا نەخۆشخانەی شارە جۆربەجۆرەکانی وڵات، لەوانە لە شارەکانی شیراز، سنە، ئەراک، قایمشار، یەزد، یاسووج، مەشهەد، کەرەج، جەهروم و زەنجان، دەستیان لەکار کێشاوەتەوە. پەرستارانی تاران و پارێزگای ناوەڕاستیش، خەریکن خۆیان بۆ پەیوەست بوون بەم بزووتنەوە نارەزایەتییە سەرتاسەرییەوە ئامادە دەکەن. ئەم نارەزایەتییە سەرتاسەری و بوێرانە، زەمینەی پێکهاتنی ڕێکخراوی پیشەیی و سەربەخۆی پرستارانی ڕەخساندووە. بزووتنەوەی داواکاری تەوەری پەرستاران کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بێ وێنە بووە، ئێستا بە شێوەیەکی سەربەخۆ، خۆی ڕێکدەخات بۆ ئەوەی وەک بەشێک لە چینی کرێکاری ئێران، پێ بنێتە ناو گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی لە دژی نیولیبرالیزمی هار و تاڵانچیانی فاشیستی هەوسارپچڕاوی بواری بێهداشت و دەرمان. پشتیوانی درەوشاوەی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان، سەندیکای کرێکارانی شیرکەت واحیدی ئوتوبووسڕانی تاران و دەوروبەر، پشتیوانی شۆفێران و خاوەن بارهەڵگرەکان لە بزاڤی خەباتکارانەی پەرستاران، زەمینە بۆ لێکنز یکبو و نە و ە یە کی دڵخۆشکەری چینایەتی و داواکاریی تەوەر خۆش دەکات کە دەتوانێت تین و تەوژمێکی زیاتر بە هێزی بەرینی ئەم بزووتنەوەیە ببەخشێت. ئاشکرایە کە جەختکردنەوەی پەرستاران لەسەر چاودێری بێهداشتی بێبەرامبەر و نیشاندانی دەرئەنجامەکانی بە کاڵاکردنی بێهداشت و دەرمان، دەتوانێت پشتیوانییەکی بەرینی جەماوەری خەڵک و بەتایبەتی بنەماڵەی نەخۆشەکان، بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت و بە هەموو لایەکی نیشان بدات کە ئەم خەباتە پیشەییەی پەرستاران، بە قازانجی سەرتاسەری وڵاتە

ئێمە وێڕای ڕاگەیاندنی پشتیوانی تەواوی خۆمان لە خەباتی درەوشاوەی کۆمەڵگەی پەرستاری و کادری دەرمانی وڵات لەپێناو گەیشتن بە مافەکانیان و جەماوەریکردنی دروشمی بێهداشتی بێ بەرامبەر و دەستەبەری کۆمەڵایەتی گشتگیر، بێدەنگیی دەسەڵاتداران و هەڵسوکەوتی سەرکوتگەرانەیان لە دژی خەباتی ڕەوای پەرستاران، بە توندی ئیدانە دەکەین و داوا لە هەموو لایەک دەکەین کە پشتیوانی لەم خەباتە ڕەوا و بوێرانەیە بکەن. ئێمە پشتیوانی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان و کرێکارانی شیرکەت واحید و ڕێکخراوە پیشەییەکانی تر لە خەباتی پەرستاران بەرز دەنرخێنین و بە هەنگاوێکی پێویستی دەزانین لەپێناو پێکهێنانی هاوپشتی چینایەتی، بەمەبەستی دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی کرێکاریی کە بتوانێت لە بەرامبەر دەوڵەت و خاوەنکاران و تاڵانچییە فاشیستەکاندا، بەرگری لە مافی کرێکاران بکات.

**بڕوخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**سەرکەوتوو بێ شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران**

**بژی ئازادی، دێموکراسی و سۆسیالیزم**

**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕاهی کارگەر) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**دووشەممە ٢٩ی گەلاوێژی ١٤٠٣/ بەرامبەر بە ١٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٤**

****

# پەرەسەندنی خەباتی پەرستارانی ناڕازی و خۆگێلکردنی تەواوەتی، دەوڵەتی پزیشکیان

نزیکەی دوو هەفتە بەسەر خولی نوێی ناڕەزایەتی سەرتاسەری پەرستاران لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران تێدەپەڕێت و تا ئێستا دەنگ و دروشمەکانیان بەگوێی بەرپرسانی ڕێژیم نەگەیشتووە. لەم خولەی ناڕەزایەتییەکاندا پەرستاران سەرەتا لە کەرەج و نەخۆشخانەکانی پارێزگای ئەلبۆرز و دواتر لە نەخۆشخانەکانی پارێزگای فارس، دەستیان لەکار کێشاوە. ناڕەزایەتی پەرستاران پارێزگاکانی دیکە لەوان زەنجان و پارێزگاکانی باکووریشی گرتەوە و ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژ، پەرستارانی دوو نەخۆشخانەی سەرەکی شاری مەشهەدیش دەستیان لەکار هەڵگرت و بە ڕیزی پەرستارانی ناڕازی شارەکانی دیکەی ئێران پەیوەست بوون. لە دە ڕۆژی ڕابردوودا سەرۆک کۆماری نوێ و جێگرە دەستنیشانکراوەکانی هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بە ناڕەزایەتی پەرستاران نیشان نەداوە. هەر لەو پێوەندییەدا یەکێک لە کرێکارە ناڕازییەکان بە پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی ئیلنا دەڵێت: چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە سەرۆک کۆماری نوێ کە خۆیشی پزیشکە، لانیکەم نوێنەرێک بنێرێت بۆ ئەوەی گوێ بۆ قسەی پەرستارەکان ڕابگرێت و بزانێت گرفتیان چییە. "محەممەد شەریفی موقەددەم" ئەمینداری گشتی خانەی پەرستار لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی پەرستاران دەستیان داوەتە ناڕەزایەتی سەرتاسەریی؟" بە ئیلانای وت، نزیکەی دوو هەفتە بەسەر ناڕەزایەتی پەرستاراندا تێپەڕ دەبێت، ئێمە لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە کۆبوونەوە و ناڕەزایەتییەکانمان دەست پێکردبوو، بەڵام مانگرتنی درێژخایەنی لەم چەشنە هەرگیز وێنەی نەبووە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لەبری قبوڵکردنی واقیعییەتەکە، هەوڵیاندا بە بانگهێشتکردنی پەرستاران بۆ کۆمیسیۆنی سەرپێچی و فشارخستنە سەر پەرستارانی ناڕازی، کێشەکە بسڕنەوە و لە ئاکامدا داخوازی و ناڕەزایەتییەکان کەڵەکە بوون لە ئێستادا ٢٢٠ هەزار پەرستار لە بەشە دەرمانی و نەخۆشخانەکاندا کاردەکەن و زیاتر لە ٩٠ لەسەدیان ناڕازین و حەقدەست و یارمەتییەکی کەم وەردەگرن و تەنانەت هەندێک جار ئەم حەقدەستە کەمەشیان لە کاتی خۆیدا پێنادرێت. جگە لە کەمی حەقدەست و یارمەتییەکان، یەکێک لە هۆکارەکانی ناڕازیبوونی پەرستاران بریتییە لە گوشاری کاری تاقەت پروکێن، چونکە ئێران هەر ئێستا پێویستی بە زیاتر لە ١٠٠ هەزار پەرستاری دیکە هەیە. ئەمە لە دۆخێکدایە کە نزیکەی ٢٠ هەزار پەرستاری ڕاهێنراو بێکارن و لەبری دامەزراندنی نوێ، ئەرکە زیادییەکان لەژێر ناوی ئیزافەکاریدا بەسەر ئەو بەشە لە پارستاراندا دەسەپێنن کە لەسەر کارن. زۆرێک لە پەرستاران ناچارن شیفتی کاریی زیاتر تەحەمول بکەن بۆ ئەوەی کەمی هێزی کار قەرەبوو بکرێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە حەقدەستی پێویستیان پێنادرێت. ئەمەش بەهۆی سەختی کارەکە، بۆتەهۆی گرتنی وزە و توانایەکی زۆر و ئەگەری لەکارکەوتوویی زیاتر دەکات. یاسایەکی کە سەبارەت بە دژواربوونی پیشەی پەرستاری پەسەند کراوە، جێبەجێ ناکرێت، بەپێی ئەم یاسا نیوە و ناتەواوە، پەرستاران دەتوانن دوای بیست ساڵ خزمەت خانەنشین بکرێن و ساڵانە مافی دوو مانگ مەرەخەسییان بە حەقدەستەوە هەبێ و هەروەها حەقدەستێکی زیاتریان پێ بدرێت بە هۆی سەختی کارەکانیانەوە. یارمەتیەکی کە بەهۆی دۆخی ئێستای دەسەڵاتەوە، پێناچێت بگاتە دەستی پەرستاران و یەکێک لە هۆکارەکانی ناڕەزایەتییەکانیش هەر ئەم بابەتەیە. هەموو ئەم سەختیانەی کە لە دۆخێکی ئاساییدا بەسەر ستافی دەرمانی و لەوانە پەرستارەکاندا دەسەپێنرێن، لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا بە چەند قات زیاتر بوون. پەرستاران جگە لە تەحەمولکردنی کاری قورس و تاقەت پروکێن، لەژێر مەترسی ئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسەکەشدا بوون و دەیان کەسیان بوونە قوربانی، کە ئامارەکەیان هەرگیز ئاشکرا نەکرا

پەرستاران بە شێوەیەکی سەرەکی بە مەبەستی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە دژوارە بژێوی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە، دەست دەدەنە خەبات و ناڕەزایەتی. بەڵام ئەو بەشەش کە توانایی ئەوەیان هەیە، کۆچ دەکەن. بەجۆرێک کە بەپێی ئامارە بەردەستەکان، ساڵانە نزیکەی سێ هەزار پەرستار لە ئێرانەوە کۆچ دەکەن. پەرستارانی ڕاهێنراو، ڕوودەکەنە وڵاتەکانی کەنداو یان وڵاتانی ئورووپا، ئوسترالیا، کانەدا و ئەمریکا. ئەو وڵاتانە لە ڕێگەی پێدانی حەقدەستی باشتر و ڕێکخستنی سەعات کاری گونجاوەوە، هەلومەرج و ڕێوشوێنەکانیان بۆ پەرستارانی خاوەن ئەزموون و خوێندەوار، ئاسان کردووە. بەگوێرەی ئەو ئامارانەی لە چاپەمەنییە ناوخۆییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، کۆچکردن و چوونەدەرەوەی پزیشک و پەرستاران سەرەڕای سنووردارکردنی ئیمکانی سەفەر و هاتووچۆ، بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووە. بەجۆرێک کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ١٠ هەزار پزیشک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی گشتی، پسپۆڕی و پسپۆڕی باڵا و هەروەها پەرستاری خوێندەوار، کۆچیان کردووە. بەپێی ئامارێکی ڕۆژنامەی فەرهیختەگان کە ساڵی ١٤٠٢ بڵاوی کردووە، ٢٣٠٠ پزیشکی پسپۆڕ و چوار هەزار و ٢٠٠ پزیشکی گشتی، ئێرانیان بەجێهێشتووە، کە ئەم ڕێژەیە ٣٠٪ زیاترە لە تێکڕای ئەو پزیشکانەی دێنە ناو بازاڕی کاری ئێرانەوە. بەڵام ئەو پەرستارانەی کە جگە لە پەنابرنەبەر خەبات و ناڕەزایەتی بەردەوام لە ناوخۆی ئێراندا هیچ ڕێگایەکی دیکە شک نابەن، بەردەوام لە مەیدانی خەبات و ناڕەزایەتیدا حزووریان هەیە. ئەوان لە درێژەی چەندین ساڵ خەباتدا هەوڵیانداوە جۆرێک لە پەیوەندیی لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن کە بتوانن لە یەک کاتدا لە چەندین شار بڕژێنە سەر شەقامەکان و ویست و داواکارییە هاوبەشەکانیان بخەنەڕوو. گومان لەوەدا نییە کە کەڵەکەبوونی ویست و داواکارییەکانی پەرستاران، کرێکاران، خانەنشینان و چین و توێژە بێبەشەکانی دیکەی ئەم کۆمەڵگایە و بێتوانایی ڕژیم لە ئاست وەڵامدانەوەیان، زەمینەیەکی لەباری بۆ سەرهەڵدانی ئاخێزە جەماوەرییەکان خوڵقاندووە و هەروەها بەستێنێکی گونجاوە بۆ هەنگاوانی کۆمەڵگا بەرەو یەکلایی کردنەوەی تەکلیفی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا

****

# دیفاع لە پەنابەرانی ئەفغانستانی، پێویستییەکی چینایەتی و ئینسانییە

ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی گەلاوێژ، گرتە ویدیۆیەک سەبارەت بە هەڵسوکەوتی توندوتیژی هێزە ئینتیزامییەکان لە دژی تازەلاوێکی ئەفغانستانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوکرایەوە. ئەو مەئموورانە بەپێی فەرمانی بەرپرسانی سەرەوەتر، سەرقاڵی "کۆکردنەوەی" ئەفغانییەکان لە ئابسەردی داماوەند بوون. بە پێی ڕاپۆرتەکان، هێزەکانی ڕێژیم تازەلاوێکی تەمەن ١٥ ساڵان کە کێشەی بینین و بیستنی هەیە، دەخەنە ژێر چاوەدێری و دەسبەسەری دەکەن. ئەو تازەلاوە کە ناوی مێهدییە و دەیهەوێ بچێت بۆسەر کار، هەوڵدەدات بۆ مەئموورەکانی ڕوون بکاتەوە کە کارتی سەرژمێری فەرمی هەیە. بەڵام لەبری ئەوەی گوێ لە قسەکانی بگرن، بەشێوەیەکی وەحشیانە دەیخەنە سەر زەوی. یەکێک لە مەئموورەکان هاوشێوەی پۆلیسەکانی ئەمریکا ئەژنۆی دەخاتە سەر ملی مێهدی و گوشاری دەدات. لە کاتێکدا مێهدی لەژێر چۆکی ئەو مەئموورەدا دەپاڕێتەوە کە ئەزیەت و ئازاری نەدات، مەئموورێکی دیکە قاچی ناوبراو دەگرێت. چەند ژن کە لە شوێنی ڕووداوەکە بوون و لەوانە دایکی مێهدیش هەوڵی ڕزگارکردنی ئەو تازەلاوە دەدەن. مەئموورەکان بەردەبنە گیانی دایکی مێهدی و لێی دەدەن. هەندێک لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە دروستی وێڕای ئاماژە بەم دیمەنە، هەڵسوکەوتی پۆلیسی ڕەگەزپەرستی ئەمریکایان کاتی کوشتنی جۆرج فلۆید لە ساڵی ٢٠٢٠دا وەبیر هێنایەوە و نووسیویان، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەو ساڵە بەشێوەیەکی ڕیاکارانە هەوڵیان دا خۆیان وەک بەرگریکاری ستەمدیتووانی ئەمریکا پیشان بدەن. بەڵام ئەو بەڵایەی کە ڕژێم و خاوەنکارەکان لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بەسەر کرێکارانی ژن و پیاوی ئەفغانیاندا هێنابوو، ئیمکانی ئەو

ڕیکارریییەی لێ سەندنەوە

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ویدیۆی ئەو ڕووداوە، فەرماندەی هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم ڕایگەیاندبوو کە "سیاسەت و بەرنامەی دەوڵەت ئەوەیە کە سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە نایاسایی لە ئێران دەژین بگەڕێننەوە بۆ وڵاتەکەیان". پێشتریش ئەحمەد وەحیدی، وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی سێزدەهەم، وێڕای ئاماژە بە ڕادەستکردنی پرۆژەیاسایەک بە پەرلەمان بەمەبەستی "بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کەسانی نایاسایی"، وتبووی کە " کەسانی نایاسایی دەبێ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان". ئەفغانییەکان کە زۆرترین ژمارەی کۆچبەران لە ئێران پێکدەهێنن، هەرگیز وەک پەنابەر لەلایەن حکوومەتەوە وەرنەگیراون. دەوڵەت مافی نیشتەجێبوونی ئەوانی لە لانیکەم ١٩ پارێزگا قەدەغە کردووە و ناچاری کردوون کە لە دژوارترین هەلومەرجدا شان بدەنەبەر سەختترین کارەکان بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکەن. ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ لە پارێزگای ئەلبۆرزیش، ڕاگەیەندرا کە کەسانی بێ مۆڵەت بۆیان نییە لەو جوگرافیایەدا بژین و کار بکەن. بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆچبەرانی ئوستانداری ئەلبۆرز لەمبارەیەوە ڕایگەیاند کە پلانێک لەلایەن ڕێکخراوی میللی کۆچبەرانەوە بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرچاوە داراییە بچووکەکانی هاووڵاتییانی بیانی، کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە کە ئەگەر هەر کەسێکی بیانی بیەوێت لەناو ئێراندا بمێنێتەوە، دەبێت خۆی و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەی بیمە بکات و بڕی ١٠٠ ملیۆن تمەن وەک بارمتە لە بانکی میللی دابنێت. بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە کۆچبەرە نایاساییەکان، نەک هەر خاوەنانی سەروەت و سامان نین، بەڵکوو ئەو کرێکارە هەژارانەن کە نەیانتوانیوە خۆیان بیمە بکەن و بڕی سەد ملیۆن تمەن لە بانکی میللی دابنێن ڕۆژنامەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم لەم ڕۆژانەدا بەبێ ئەوەی بچوکترین ئاماژە بە ئەگەری شکانی ملی ئەو تازەلاوە ئەفغانییە بکەن، کۆمەڵێک تۆمەتی هەڵبەستراو و ناڕەوایان لە دژی کۆچبەرانی ئەفغانی بڵاوکردووەتەوە. بەڵام ژنان و پیاوان و منداڵی ئەو کۆچبەرانە لە زومرەی ئەو کرێکارانەن کە شەو و ڕۆژ بە کەمترین حەقدەست و بێبەشبوون لە هەر چەشنە مافێکی یاسایی و کرێکاریی، زۆربەیان بە تایبەت لە شاری تاران خەریکی کاری پڕمەترسی و تاقەت پروکێنی وەک بیر هەڵکەندن و کار لەناو بینا کۆن و مەترسیدارەکاندان. ستەمێکی کە لە کرێکارانی کۆچبەری ئەفغانستانی دەکرێت، درێژەی ئەو زوڵم و ستەمە کارەساتبارەیە کە ماوەی ٤٥ ساڵە لەلایەن کۆماری ئیسلامی، خاوەنکارە چاوچنۆک و ناسیۆنالیستە ڕەگەزپەرستەکانەوە بەرامبەریان دەکرێت. گەنجانی ئەفغانستان تەنیا هێزێکی کاری هەرزان نەبوون بۆ خاوەنکارە چاوچنۆکەکان، بەڵکوو ئەوان لە مەیدانەکانی شەڕی ئێران و عێراق و شەڕی سوریاشدا گۆشتی دەمی تۆپی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی ڕژێم بوون. ڕێژیم جگە لە هەوڵی دووبارە بۆ وەرگرتنی پارەیەکی زیاتر لە ڕێکخراوی کۆمیسارایای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەشی کاروباری کۆچبەران، دەیەوێت سەربازگیریش بکات بۆ هێزە بە وەکالەتەکانی. ئەو گەنجانەی کە گەڕانەوەیان بۆ ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان، یەکسانە لەگەڵ مەرگ، لەوانەیە ئاسانتر بکەونە ژێر کاریگەری هەڕەشە و تەماع وەبەرنانی هێزەکانی سپا و ڕەوانەی ئەو ناوەندانە دەکرێن کە لەلایەن سپای قودسەوە بۆیان دیاری دەکرێت

واقعییەت ئەوەیە کە چارەنووسی کۆچبەرانی ئەفغانستان لە ئێران لە زۆر ڕووەوە بەستراوەتەوە بە چارەنووسی خەڵکی ئەم وڵاتەوە. کرێکارانی ئەفغانستانی، لەگەڵ کرێکارانی ئێران هاوچین و هاوچارەنووسن. هەردووکیان لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی دوو ڕژێمی دڕەندەی ئیسلامیدا دەژین. هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەردەوام پشتیوان و لایەنگری کۆچبەران بوون و بە شێوەی جۆراوجۆر بەرگریان لە کرێکارانی کۆچبەری ئەفغانستان کردووە. ئەوان وێڕای ئیدانەکردنی هەڵسوکەوتی خاوەنکاران و دەوڵەتی ئیسلامی، لەم پێوەندییەدا لە ئاست لەقاودانی بۆرژوازی بەرەی ڕاستی ئۆپۆزسیۆنیش کە بە کردەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پەنابەرانی ئەفغانستان هاو هەڵوێست بوون، کەمتەرخەم نەبوون. لەو هەلومەرجەی ئێستادا، کە ئەم خەڵکە ئازارچێشتووە بەم شێوەیە هێرشیان دەکرێتەسەر و بەرپرسان و ڕاگەیەنەرە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم خەریکی ئاژیتاسیۆنن لە دژی ئەوان، دەبێ چالاکانە تر لە هەمیشە بەرگرییان لێ بکرێت. پێویستە لە هەر شوێنێک هێرشیان دەکرێتە سەر، چالاکانە لەدژی هێرشبەران هەڵوێست بگیرێ و بەرپەرچ بدرێنەوە. کارێکی کە ژنان بۆ بەرگریکردن لە مێهدی، ئەو تازەلاوە بەدیل گیراوە ئەفغانییە و لە ناڕەزایەتی بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی وەحشیانەی مەئموورە هێرشبەرەکان کردیان

****

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 452-August 2024

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

## یادێک لە ڕووداوی مێژویی مانگرتنی گشتیی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤، بەرەوپیری ساڵهاتی شۆڕشی ژینا

١٦ی مانگی گەلاوێژ، ساڵهاتی ڕۆژێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. ڕۆژێك کە خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتی بە جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی یەکپارچە و یەکگرتووانە لەسەر بانگەوازی کۆمەڵە دەستیاندایە مانگرتنێکی گشتی، هێزنواندنێکی شکۆدار کە بە هەموانی نیشان دا سەرەڕای دامرکانی خەباتی چەکداری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان زیندووە و لەپێناو مافە ڕەواکانی خۆیدا لە خۆڕاگری و خەبات بەردەوامە. بەڵام ئەم ڕۆژە مێژووییە لەسەر چ بەستێنێك شکڵی گرت و چۆن ئامادەکاریی بۆکرا؟

سەرلەئێوارەی ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەوڵیاندا یەکێك لە خەباتکارانی شاری مەهاباد بە ناوی ”کەماڵ ئیسفرام“ ناسراو بە ”شوانە سەید قادری“ دەستبەسەر بکەن و کاتێك هەوڵەکانیان بێ ئاکام مایەوە، شوانەیان دایە بەر دەستڕێژی گوولله و برینداریان کرد. جەلادانی رژیمی ئیسلامی ئەو لاوە بریندارەیان ئەشکەنجە کرد، کوشتیان و تەرمی شێواوی ناوبراویان بەوپەڕی بێڕێزییەوە بەناو شاردا گەڕاند و دواتر ڕادەستی بنەماڵەکەیان کردەوە. مەبەستی ڕژیم لەم کردەوەیە چاوترسێن کردنی خەڵك بوو، بەڵام ئاکامەکەی بە پێچەوانەی ویستی ڕژیم هەڵگەڕایەوە. دانیشتوانی شاری مەهاباد کاتێك ئاگاداری ئەم جەنایەتەی هێزەکانی ڕژیم بوون، بەکۆمەڵ چوونە بەردەم ماڵی ئەو لاوە خەباتکارە و هاوخەمییان لەگەڵ بنەماڵەکەی ڕاگەیاند و نەفرەت و بێزاری خۆیان لە ڕژیمی ئیسلامی دەربڕی. ڕۆژەکانی ١٩ و ٢٠ی مانگی پووشپەڕ خەڵکی تێکۆشەری شاری مەهاباد و بە تایبەت لاوان لە شەقامەکانی ئەو شارە دەستیاندایە خۆپیشاندان و بە دانی دروشم لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکان، نیشانیاندا کە هیچ جەنایەتێکی ڕژیم بێ وەڵام نامێنیتەوە. ڕۆژی ٢١ی مانگی پووشپەڕ خۆپیشاندانەکان لە ئاستێکی بەرینتردا بەڕێوەچوو و هێرشی هێزەکانی ڕژیم لەگەڵ خۆڕاگریی خەباتکارانی ئەو شارە بەرەوڕوو بووەوە. هێزەکانی ڕژیم تەیار بە هەموو ئامرازێکی سەرکوت لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشیان کردە سەر خەڵکی تێکۆشەری شاری مهاباد. لە ئاکامی ئەم تێکهەڵچوونە لە نێوان هێزەکانی ڕژیم و خەڵکی خەباتکار و لاوانی مەهاباد ٥٠ کەس لە خۆپیشاندەران دەستگیر کران.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ خەڵکی شاری مەهاباد بۆ نیشاندانی نارەزایەتیی زیاتر بەرانبەر بە کردەوەی سەرکوتگەرانەی هێزەکانی ڕژیم و میلیتاریزە کردنی شار، هاوکات لەگەڵ درێژەی خۆپیشاندان، دوکان و بازاڕ و ناوەندەکانی کاریان داخست. دوابەدوای خۆپیشاندان و بەرەوڕوو بوونەوەی بوێرانە و نارەزایەتی جەماوەری لە مەهاباد، خۆپیشاندان و نارەزایەتیی لەدژی کۆماری ئیسلامی، باقی شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە. خەڵکی خەباتکار و لاوانی شورشگێڕ لە شارەکانی شنۆ، پیرانشار، بانە، سەقز، سەردەشت، مەریوان، سنە، دیواندەرە و بۆکان و شار و شارۆچکەکانی دیکە، بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد بەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەوە پەیوەست بوون و وێڕای مەحکووم کردنی کردەوەی سەرکوتگەرانەی ڕژیم چەند داخوازییەکیان هێنایە گۆڕێ کە بریتی بوون لە: ناساندن و سزادانی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەم جینایەتانە، ئازاد کردنی دەستبەجێی دەستبەسەرکراوان و ڕاگرتنی جەنایەت و کوشتار لە کوردستان.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەبری وەڵام دانەوە بە داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان هێزێکی زۆریان ڕژاندە کوردستان و بەریان دانە گیانی خەڵك. ئەم خەباتە ئەگەرچی داخوازیی ڕوونی هەبوو، بەڵام بە شێوەی پرش و بڵاو لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەڕێوە دەچوو و بەرەوڕووبونەوەی خۆپیشاندەران و هێزەکانی ڕژیم لەسەر شەقامەکان خەساری زۆرتری بە خەڵك دەگەیاند. لە شاری سەقز چەکدارانی ڕژیم ڕیزی خۆپیشاندانی خەڵکیان دایە بەر دەستڕێژ و ژمارەیەك گیانیان بەختکرد و ژمارەیەکیش بریندار بوون. کاتی ئەوە هاتبوو کە هێز و توانای خەڵکی خەباتکار لە حەرەکەتێکی ڕێکخراو و هاوئاهەنگ دا بە دوژمن نیشان بدرێت.

کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٤ی وەك ڕۆژی مانگرتنی گشتی لە کوردستان ڕاگەیاند. دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی کۆمەڵە، کرێکارانی پێشڕەو و لاوان و پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە شارەکان لەپێناو ئامادەکاری بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی مانگرتنی گشتی، کەوتنە خۆ. دام و دەزگاکانی ڕژیم بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی مانگرتن، هەوڵەکانی خۆیان دەست پێکرد. نەیارانی ئەم حەرەکەتەش لەناو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا چی بۆیانکرا بۆ ڕێگری لە سەرکەوتنی ئەو بانگەوازە درێغیان نەکرد. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ، خەڵکی خەباتکاری کوردستان بە داختنی دوکان، کارگا و تەعتیل کردنی ئیدارە و شوێنەکانی خوێندن و باقی ناوەندەکانی کار، مانگرتنێکی گشتییان لە کوردستان بەڕێوەبرد. خەڵکی ناڕازی لە شارەکانی مەهاباد، سەقز، بۆکان، سنە، شنۆ، پیرانشار، بانە، سەردەشت، ڕەبەت، مەریوان، کامیاران و دیواندەرە و شوێنەکانی دیکەی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو بە پێشوازی ئەم بانگەوازەوە هاتن. لە شارەکانی نەغەدە و ورمێش بەشێکی بەرچاو لە خەڵك لەم مانگرتنەدا بەشداریان کرد.

ئەم مانگرتنە شکۆدار و سەرکەوتوانەیە وەك ڕۆژێکی مێژوویی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی خەباتکاری کوردستاندا تۆمار کرا. ئەم مانگرتنە جارێکی دیکە نیشانی دا کە سەرەڕای گشت جەنایەتەکان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، ئیرادەی خەڵك دژبە ڕژیم قایمتر و ڕیزەکانیان یەکگرتووتر و پتەوتر بووە. سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە لە هەمان کاتدا کە ڕیشەی لە چەند دەیە خەباتی پڕ لە فیداکاری خەڵکدا بوو، بە جەسارەت و خەباتی شێلگیرانە و یەك مانگەی خەباتکارانی مەهاباد و باقی شارەکانی کوردستان مسۆگەر بوو. ڕژیم کە هێزی خەباتی یەکگرتوانەی خەڵکی بینی، ڕۆژێک دوای مانگرتن، لە هەوڵێکی ڕیاکارانەدا هەیئەتێکی لە نوێنەرانی مەجلیسی ئیسلامی ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کرد تا بەناو دڵنەوایی لە خەڵك بکەن. ئەندامانی ئەم هەیئەتە بە لێدوانی بێ ناوەرۆکی بەرپرسانی ڕەسمی وەك ئیمام جومعە و فەرماندارانی شارەکان، هێندێك نمایشیان وەڕێکخست و بە کردەوە داخوازییەکانی خەڵکیان پشت گوێ خست. بەڵام دەرسەکانی مانگرتنی گشتی چووە سەر ئەزموونەکانی هێزی لە بن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵك و بزووتنەوەی شورشگێرانەی کوردستانی هەنگاوێکی گەورە بەرەوپێش برد. بە کەڵك وەرگرتن لەم ئەزموونە بەنرخ و دەوڵەمەندە بوو کە جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان بۆ دەربڕینی بێزاری و نەفرەتی خۆیان لە ئێعدامی ”فەرزادی کەمانگەر“ و هاوڕێیانی، مانگرتنێکی شکۆداری دیکەیان لە ڕۆژی ٢٣ی گوڵانی ساڵی ١٣٨٩ بەڕێوەبرد. ئەم سوننەتە بەنرخ و خەباتکارانەیە، ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ لە مانگرتنێگی گشتیی لێبڕوانە، بەهێز و یەکپارچەدا دیسان دووپات بۆوە. لەم ڕۆژەدا خەڵکی سەرتاسەری ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە نارەزایەتی بە ئێعدامی جەنایەتکارانەی ”ڕامین حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مۆرادی“ و مووشەکبارانی مەقەڕی ناوەندیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، کە تێیدا ژمارەیەك لە کادری ڕێبەری و ئەندام و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە گیانیان بەختکرد، لەسەر بانگەوازی کۆمەڵە و حیزبە سیاسییە چالاکەکان لە کوردستان مانگرتنێکی گشتیی شکۆداری دیکەیان بەڕێوەبرد.

ئەزموونی مانگرتنی سیاسی گشتی لە جەریانی شۆڕشی ژینا دا چەندین جار دووپات بۆەوە. ئەو شێوەی لە نارەزایەتی دەربڕین و خەباتی جەماوەری بوو بە نەریتێکی جێکەوتوو لەو شۆڕشەدا. چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم ئەزموونە لە ڕۆژان و مانگەکانی داهاتوودا و بە نزیك بوونەوە لە ساڵهاتی ئەو ڕۆژەی کە چەخماخەی شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە لێدرا، لە پاڵ شێوەکانی دیکەی خەبات و خۆڕاگریی ، ببێ بە یەکێك لە ڕێگاکانی هێزنواندن لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا.

****

دواستون

## زمان لە بەستێنی جیهانێکی ڕوولەگۆڕاندا

**ن: لاوێن ئەمانی**

لە گێژاوی دنیای هاوچەرخدا، زمان، ئەم کۆنەدەفرەی ئەندێشەی مرۆیی، لە هەموو کات زیاتر هەوڵێتی تاکوو خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی ژیانی سەردەمدا هاوتا بکاتەوە. زمان لە نێوان شەپۆلەکانی گۆڕاندا پەلەقاژەیەتی و گەلێک جار کورتییەکانی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستییەکانی سەردەمدا دەردەخات. ئەم ناهاوئاهەنگییە، لە هەر سەردەمێک زیاتر لە ژینگە ئۆنلاین و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت کۆمەڵە نزیک و زیندووەکانیشدا بە یەکسان خۆ دەردەخات. لێرەدا، وشەگەلێک کە سەردەمێک بە وێنەی ئاو زوڵاڵ بوون، ئێستاکە دەتوانن ببنە هۆی سەرلێشێواوی و ماناکانیان وەک چەو و لم لە ژێر هەنگاوی ئاخێوەرانیاندا ڕوخسار بگۆڕن مارکس لە هەژدەهەمین برومێری لویس ناپلیۆندا دەڵێ: مرۆڤەکان مێژووی خۆیان بنیات دەنێن، بەڵام نەک بەو چەشنە کە دەخوازن، ئەوان لە دۆخێکدا کە هەڵبژێردراوی خۆیانە، بنیاتی نانێن، بەڵکوو لەسەر بنەمای دۆخێکی هەبوو کە لە ڕابردووەوە ماوەتەوە. ئەم تێڕوانینە بۆ هەموو سەردەمەکان دەشێت و ڕەنگە بۆ ئێستا لە هەموو کات زیاتر. لەو شوێنەدا کە وا دێتە بەرچاو زمانێک کە مێژوو بە میرات جێی هێشتووە، بۆ شرۆڤەی دۆخی هەنووکەیی تەیار نییە، لە پێچە مێژووییەکان و وەرچەرخانەکاندا، ویستێک بۆ ڕۆحی ڕابردوو هەیە کە وشە و دەستەواژەکانی سەردەمی پێشین وەردەگرێت و ڕاستییە نوێیەکانی ئەمڕۆکەی پێ بە بەردەنگ دەگرێت. بەڵام وێڕای ئەوە ئەم دەستەواژانە لە جێیەکدا کورتقامەتی خۆیان دەردەخەن و زمان لە پۆشەنی ڕابردووەوە دەپێچن و تێگەمان لێڵتر دەکەن. لودڤیک ڤیتگنشتاین بە پێداگری لەسەر ئەوەی کە وشەکان ماناکانیان لەو بەستێنەوە وەردەگرن کە تێیدا بەکار دێن، دەڵێت کە «مانای وشەیەک، شێوەی بەکارهێنانێتی لە زماندا». ئەم ناڕوونییە لە قەڵەمڕەوی سیاسەت و زانستە مرۆییەکاندا زیاتر لە هەموان خۆ نیشان دەدات. وشەکانی ڕابردوو لە ژێر پارادایمە نوێیەکاندا دەشەلن. ئەو تێرم و دەستەواژانەی کە سەردەمێک وێنایەکی ڕوون لە بەرە و تێڕوانینە ئایدیۆلۆژیکییەکانیان دەردەخست، ئێستاکە لەرزۆک بوون. دەستەواژەگەلێکی سانا و بنەڕەتی وەک «چەپ» و «ڕاست» کە سەردەمێک کۆڵەکەی گوتارە سیاسییەکانیان پێک دەهێنا، ماناکانیان لە تەمومژی تێڕوانین و گۆڕانکارییە هاوچەرخەکاندا شاردراونەتەوە. لەمڕۆدا ڕەخنەگرتن لە چەپ، وا دەنوێنێ کە ڕەخنەگرتنە لە تارمایی، بوونێک کە بەردەوام لە بووندایە و ڕوخسار دەگۆڕێت و چیتر لە پۆلێنبەندییەکانی ڕابردوودا جێ ناگرێت. بۆیە وا هەست ئەکەیت «چەپ»ی ڕەخنەگرێک لەگەڵ «چەپ»ی ڕەخنەگرێکی دیدا هیچ هاوبەشییەکیان نە لەگەڵ یەکتردا و نە لەگەڵ سەرچاوەی خودی ئەم تێرم و ڕەوتەدا هەیە و دواجار ئەم شلوێبوونەی دەنگە ناڕوونەکان تەنیا دژایەتییەکان قووڵتر دەکەنەوە. تەنانەت لەوێشدا کە کەسانێک باس لە پێویستی هاتنەئارای «چەپێکی نوێ» دەکەن، سەرلەنوێ ئەم هەوڵانەش لەم ناڕوونییە ماناییانەوە دەگلێن. دەستەواژە و هەر بەو پێیە ڕەوتگەلێک کە لەم پاشاگەردانییەی تێگە و خوێندنەوە جیاوازەکاندا، نەک هەر توانایی پڕکردنەوەی درزی تێگە هەڵەکانی پێشوویان نییە، بەڵکوو خۆشیان دەکەونە گێژاوێک لە دەستەواژەگەلی سیاسی سەیروسەمەرەوە کە چیتر تیایدا گفتوگۆ دەچێتە گۆڕەپانی گریمانە و گومان و پێشداوەرییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی وشەکان و سوانەوەیان. هەر بۆیە شۆڕش و دژەشۆڕشەکانی ئەم سەردەمە، شێوازی نوێی دەربڕینیان پێویستە بەڵام شێوازێک کە ڕووی لە تێگەیشتنی گشتی و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ بێت و نەک پێچەوانەکەی. بۆیە کاتێک باس لە هاوتا نەبوونی زمان و سەردەمە، باسی پەیوەندی قووڵی وشەکان و ئەو جیهانانەیە کە ئەم وشانە شرۆڤەیان دەکەن. ئەم قەیرانی زمانە، تەنیا ئاماژەیەک بە گوتارە سیاسییەکان نییە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەیەکە لە ژیانی هاوچەرخی ئێمە. لەو ڕووەوە کە ئاسۆ کۆمەڵایەتی، کلتووری و تەکنەلۆجییەکانی سەردەم بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر لە گۆڕاندان، وشەکان دوادەکەون و بەو بەستێنەوە قەتیس دەمێننەوە کە لێوەی سەرچاوەیان گرتووە. وشەکان، لەم جیهانە نوێیەدا خەریکە وەک نەخشەیەکی کۆنیان لی دێت کە زەوینێک وێنا دەکەن کە چیتر بوونی نەماوە. لەم وەرچەرخانە خێرایەدا، زمان، زمانی زۆرینە، زمانی جەماوەر لە دەرەوەی ناوەندی هێزەوە یان دواجار سەرجەم زڕماناکانی لە ناوەندی هێزەوە وەردەگرێت و ملکەچی دەبێت و هەر بەو پێیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕاستییەک کە ئەم زڕمانایانە بۆی شرۆڤە دەکەن و بەسەریدا دایدەسەپێنن، یان ئەوەتا ئەمە وەک دەرفەتێک دەبینێت و خۆی ماناکانی لەگەڵ سەردەمی خۆیدا هاوتا دەکاتەوە. سەرلێشێواوییەک کە لەم وەرچەرخانە ماناییانەی سەردەمدا ڕوودەدات، بە تەواوی خەریکە توانای دیالۆگ و یەکگرتوویی لێ ئەستێنێتەوە و کلتووری فرەدەنگی و فرەچەشنی درزە ماناییەکانی وەها لێ بەرین دەکاتەوە کە بەستێنێکی هاوبەش لەژێر پێیاندا ناهێڵێ و لەم درزەدایە کە هەر ئەو جۆرە کە تیۆدۆر ئادۆرنۆ ئەیوت تەنیا ئەهریمەنەکانن کە سەرهەڵدەدەن

****